Dr.Saleh Ebrahimi



نەمدی کەس
وەک تو جوان بێ
تویتوبەس
کچە کوردێک دڵی پێی شادبێ،
وەک فریشتەو پەریزادبێ

***

وەک سەرەروی شوێن ئامانج
نەزازاما، نە کرمانج،
گەرام کوردستان،
گەرمیانو کوێستان
نەلەشارو نەلەدێ...

بڕوانە: رۆژنامەی کورستان ژمارەی ۱۹۸ ـ ۸ ڕەشەمە ۸ ئەسفەند

## شینی گۆران

هێمن: محەمەد ئەمین شێخولئیسلام

**هەر لە بۆتانەوە هەتا سۆران** هەمو سۆرانی شپنە: بۆ (گۆران)
هەر لە کوێستانەوە هەتا گەرمێن یەخەمان دادڕپوە تادامێن
لە جزیرە هەتاکو دەریای ڕەش نیە کوردێک سەری نەنابێ لەهەش
لەدیار بەکرەوە هەتاورمێ شان بە قوڕ، مل بەگوێنە نێرومێ
هەر ئامێدەوە هەتا کوسنە کوردە غەمناکە، چ پیاو چ ژنە
لە مەریوانەوە هەتا زێبار وەک زرێبارە چاوی کوردی هەژار
هەرلە بوکانەوە هەتا جوانڕۆ جوان و پیرپێکەوە، دەڵێن: ئەیڕۆ
لە دەهوکا هەتا کوهەورامان هەرچی دەی بینی هەردەڵێ: ئامان
هەرلە زاگرۆسەوە هەتا ئاگری کێیە کورد بێ‌وئە تۆبلێی ناگری
لە سولێمانیا، هەتا سابلاخ دیارە تێدا نیە دڵی بێ‌داخ
هەرلە بیجارەوە هەتا شەمزین کچ وکوڕلاووپپری کوردشەمزین

Dr.Saleh Ebrahimi



لەشـــنۆوە هـــەتا کـــو ســـەنجابی  تۆشـــی کـــوردێکـــی شـادمان نـابی
هـــەر لەهـــەولێــرەوە هـــەتا پـاوە  گـــەلی ئێـــمە پـــەشێــو دامـاوە
لە هـــەڵەبــجە هـەتا دەگـاتە سـەقز  هـــەمو غـــەمبارە، ڕەنـجە ڕۆیـــە وکـز
هـــەر لە بـــتلیسەوە هـــەتا سـونقوڕ  ژن و پـــیاو پێکـــەوە دەپێـون قـوڕ
لە نـــوسبینەوە، هـــەتا کـــەر کـوک  شینی گۆران دە کەن، چ گەورەچ چـوک
ئـــەوەیەحاڵ ـ وە کـوردی ئێـرە، وان  خـــەبەرم نـــیە چـــلۆنـــە ئێـرەوان
جـا، چلۆن دڵ بـە غـەم نـەبین، نـەگرین؟  جـــاچلۆن کۆڕی شـــینی بۆ نـــەگـرین
شـــاعرێک بـــو، بـــەنرخ وبێ وێـــنە  بـــیری ڕونتـــر بـــو زۆر لە ئـــاوێـنە
خـاوەنی بیر و زەوق و حیسس و هـەست  ڕەنگ بو نێوی بنێن: «خـودای هـەڵبـەست»
فـــەخری کـــوردانـە گـەنجی ئـاساری  شـــیعری شـــیرین و وردو ســاکـاری
داخـــە کـــەم ئـــەو بڵێســـە دامـــرکا  کـــە خـــەریک بۆ: وڵاتـــی ڕۆنــترکا
گڵـــــی پێـــدا کـــرا، هـــەتا دامـــرد  ئـــەوگڕەی کـــوردەواری ڕۆشـــن کــرد
پێــم پـــەری شـــیعر و مۆســـقا تۆران  بۆیـــــە بـــــردیانەوە بـــەهەشت گۆران
یـــا خـــودای گـــەورە تۆڕە بـولێمـان  ئـــەو چـــرایـــەی ڕەوا نـەدی پێمـان

شیلان ئاوێ ـ سابلاخ ـ ١٦ ڕەشەمە ٢٥٧٤

## شیوەنی گۆران بوگوڵاڵەی کچی

کـــــچم، مـــــایەی ژیـــانم، یـــادگاری
شـــــەبابم، نۆبـــــــەری شـــیرینی داری
غـــەرامیە کـــەم؟ دەوامـــی عـــومری لاویـم
دلۆپـــــی خـــــەوینی گـــەرمی ئـــاگـراویـم
جگـــــر گۆشـــــەی عـــەزیزم، نـــوری چـاوم
ســـــەری تـــاڵە دە زوی ئـــامالی خـــاوم
چ زومـــــردی کـــچم، هـــەیهات کـــچی خۆم
چ زومـــــردی، چـــــە زو کـــەوتیتە بـــن گۆم

Dr.Saleh Ebrahimi



چ زوکە وتیتە گۆمی عەدەم خۆ
بە ئۆخەی تەڕ، نە بولێوم وتم ڕو
دەمێ پشکوتی تێر بۆنم نەکردی
گوڵاڵەی خۆشەویست دەر لە حزەمردی
ئەجل داد، ئاسمان داد، عەرشی خودا، داد
حەکیم و عیلمی بەشەر، دەرمان ودەوا، داد
کچێکم بو، کچی تەنیا کچێ بەس
ئەویشت ئاخری کوشت چەرخی ناکەس
قەبری خاکی ڕەش ئەی چاڵی تاریک
دەرەندەی لاشە خۆری باوک و دایک
لە دە ورت هەڵ چنیم خوشک و براپاک
کچێکم بو، ئەویشت کردە خۆراک
چ داوێکە، چ ئینسانێکە زاڵم
جەهەننم ئاو ئەدەی ئەیکەی بە حاڵم
لە بە ریەک لوقمە گوشت، مەلێکی مەعسوم
منت پۆچ کرد لە نوری دیدە مەحروم
ئەگەر ئەی خاکی زاڵم ئەختارت
نیە، ناچاریە، تۆیش ئەوە یە کاروبارت
لە کردارت ئەگەر مەسئول سەمایە
تەبیعت هەرچی، هەتەزاتی خودایە
بەڵێ هەرچی، هەچ کەس بێ سەبب کار
نابودی ئەوم مەتڵوبە ئێجگار
ئە ڕێژم ئەشک، ئەکێشم ئاهی بێ بن
سەلاحی عاجزی زنجیر لە گەردن

Dr.Saleh Ebrahimi



کــــچم خوتۆ نـــە مـــاوی تـــا بـــبینی
کـــە بـــاوکت چـــەن بـــە نـــاسۆرە بـــرینی
بـــەتۆی پێ دیـــتەوە، ئـــەعقڵی ئـــەبڕی
لەســـەرتۆکـــامێ خـــەکـــام ئـــەستۆبـــەگـــری
کـــچم تـــەنیاگـــوڵم، نـــەشەی ژیـــانم
دڵی شـــادم تـــروسکەی چـــاوەکـــانم
کـــچم، ڕۆحـــم، کـــچم هـــەیهات هـــەیهات
چ کۆچێ بـــو؟ چ کۆچێ؟ واکشـــومات.

**بوگۆران**

بـــە ئـــاواتـــم چـــەپکە شـــیعرێ هـــەڵ بـــەستم
بۆگۆرانـــی شـــاعیری جـــوان پـــەرەستم
تێ دەکۆشـــم بـــە هێـــزی بـــیر و هـــەستم
وشـــەیێ نـــیە کـــە دەربڕێ مـــەبەستم
پێـــنوسەکـــەم، ئـــەی قـــەڵەمـــی ســـەربەستم
دەخـــیلی تۆم، بۆ جـــارێ بگـــرە دەســـتم
هەرچەن دەکـــەم ئـــەو خـــەیاڵەی پێی مـــەستم
بۆم نـــاخرێتە نـــاو چـــوار چێـــوەی هـــەڵبـــەستم *

**«جوانی بیێ ناو»**

**قـــژ کـــاڵی لێـــو ئـــاڵی پرشـــنگی نـــیگاکـــاڵ**

ئەی کـچەجوانـەکـەی سـەرگۆنـا، نـە ختێک ئـاڵ
ئـــەی کـــچەمانگەکـــەی بـــەدەنگی چـــپەدو
گـــەنە مـــوی دەم و چـاو مـەچەك هـەڵ نـەگـرتو

---

* ـ تاقە شیعری ئاخر هی عەبدوللا گۆرانە.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئـەی ئـەندام و ردیـلەی نـەرمۆڵەی ئێسک سـوک
ئـەی بـەرگی سـاکـارت دلگـیرتر لە هـی بـووک
راسـتە مـن رێـبوارم سـەرپێـی ئـەروانـم
بـەڵام واجـووانـی تۆکـاری کـرد، لەگـیانم
ئـەڵێ نـەک هـەرئێستا، عـومرێکـی درێـژە
بـەودەست و پـەنجانەت بـرینم سـارێـژە
ئـەی کـچە کـاڵە کـە جـووانـی‌تر بـا زۆربـن
لە بـاخچەی بـەهاراگـوڵە بـاخی بـەرخۆر بـن
بـارەنگیان پـەرداخت بێ و جێـیان سـەرچڵ بێ
بـەواتـەی خـەڵکـی‌تر بـا **نـاویان شـاگـوڵ بێ**
گـیانی مـن بۆپـەلی وەنـەوشە پـەرۆشە
کـە لە ژێـر سێـبەری تۆ و تـرکان خـامۆشە
لەهـەمو ئـاسمانا ئـە سـتێرەی بـەربەیان
ئـەخاتەدڵی مـن هـەستێکـی سـپی و جـووان
لە تـەختێک هـەڵ دەستێ هـەزار و یـەک نـەغمە
لەهـەمو یـان‌شیرین‌تر دێـتە گوێـم زۆر نـەزمە
کـانی یـەکـی روونـی بـەرتریفەی مـانگە شـەو
لە بـنیا، بـەلە رزەیـە مـرواری زیـخ و چـەو
جـووانـترە لە لای مـن لە دەریـای بێ‌سـنور
شـەپۆلی بـاتە بـەرتیشکی رۆژ شلێپ و هۆر
قـژ کـاڵی لێـو ئـاڵی پـرشنگی نـیگاکـاڵ
ئەی کـچە جـووانـە کەی سـەرگۆنـا نـە ختێ ئاڵ
دەربەست نـیم رێبوارم، دەربـەست نیم رە و تـەنیم
ئـەزانـی شـبر زە و دەربـەستی ئێـجگار چـیم؟

Dr.Saleh Ebrahimi



هـــــەرئەوەی نـــیگارێک لەیـــارم کێشـــراوە
شۆخێکـــــی نـــابابە بـــەلام ئـــاخ... بێنـــاو.

## گۆلی خوێناوی

-١-

کوڕ بروانە: شاییەیە، چۆپییە: لەومالە
گوێی بگرە! زوڕنایە، دە هوڵە، شمشالە
زەرد و سورتێ کەلْ بون، ژنوپیاوهە رایە،
لەو ناوە هەرهاڕەی هەیاسەی تۆنایە!
ساتۆخوا، خێراکە، بابڕوین، دەست بگرین،
بەکامی دلْداری پێکە وەهەلْپە ڕین!...
کچ ـ گولْ نەبێ بۆسەرم، ئالْ چەپکێ، زەرد چەپکێ
نایەم بو زەماوەن، نایەم بۆهەلْپە ڕکێ!
کوڕ کچ لەرێ جوانیتا، کچ لەرێ جوانیتا،
کچ لەرێ نیونیگای‌هات و چۆی کانیتا
پاییزە، گەلای دار ڕژاوە، باغ ڕوتە،
گولْ کوانێ؟ گولْ لێوی بە بزە، نە پشکوتە!...
کچ ـ گولْ نەبێ بۆسەرم، ئالْ چەپکێ، زەرد چەپکێ،
نایەم بۆزە ماوەن، نایەم بۆهەلْپەڕرکێ!
بت دایە دلْ بە من، بە هەمومەعناوە،
دووچە پکت ئەهانی لەباغچەی پاشاوە!...
کوڕ (ئەڕواولەبەر خۆیەوە بەگۆرانی ئەلْێ)
باغچەی پاشاله و بەرئاوە،
خێلْی دوشمن دەورەی داوە،
ئەروۆم ڕێگام لێ گیراوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



نار وّم: چاو کاڵ لیّم توّراوە!
(بەرە بەرەلەدیّ دور کە وتەوە!)

-٢-

کوڕ بە باغچەی پاشادا وردگەڕام، خواروژور،
زەردهەبو، بوّم چنیت، چنگ نە کەوت گوڵی سور،
نازانم ئەمجادییّت بوّشایی و هەڵپەرکیّ؟
کچ -نایەم، گوڵماویەتی بوّسەرم سورچەپکیّ!
**کوڕ (یەخەی مراخانی ترازان،)**
ناتەویّ ئەم زامی سەردڵم لە باتی؟
کچ -هەی‌هاوار! تفە نگی دوشمنیش پیّکاتی؟
راکشیّ تاویّ سەربنیّرە سەررانم،
با بگریم بوّدڵی، بوّگوڵی دەورانم!...

## گوّران

پەلەوەری هەست و بیری گوّران هوّنەرو هەستیاری تاقانە. لە هیّلانەی دەرون هەڵ ئەفڕیّ و لە ژیّر عاسمانی شین‌و ئەو پەڕی نەبینراوا، کویستان و چیا سەر بەرزەکانی کوردستان، لە پیّوە، ئەدا شینایی باخ‌و دارستانی چڕوپڕ لەپیّش چاوی وەک مافورە راخرا بوو تا چاوکار و هەتەی ئەکرد جوانی بوو سەیری هەر لاییّکی ئەکرد باغچەی گولاّلان بوو، گوّی بوّ هەر ئاهەنگیّ ڕا ئەگرت بەستەبوو، نەغمەبوو گوّرانی بوو لەو کەشکەلانە بەرزە، چاوی کەوتە شاهوّ: بوکی جوانی سروشت کە لەژیّر تا رای‌سپی بەفرا بزەبوو نیشتبووە، سەر لیّوی، بە ئەسپایی بەرەو شیو، دوّلاّودوڵەکانی کشا، لە لیّواری سیروان لەسەر بەردیّ نیشتەوە، سەری بەرەو لوتکەی شاهوّ هەڵبڕی و دەسی دایە نوسینگ‌و پیّنوس‌وقاقەز وچو بەتانی جوانیدا لەژیّر سەر دیّڕی گەشتیّ لە «هەورامان» دا، دەریاییّ گەوهەری هەڵرشت کەهەتا هەتایە کەس وەها گەوهەریّکی نەدیوە و نایش بینیّ.

Dr.Saleh Ebrahimi



## گەشتێ لە هەورامانا

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردە نکەش    عاسمانی شینی گرتوتە باوەش،
سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆرسپی،    بە دارستان ڕەش ناو، دوڵی کپی...
جوگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو:    هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو.
هاوار، هاژەی کەف چەڕینی چەم    بۆ تەنیایی شەو لایە لایەی خەم!
تولەڕیی باریک، تونوتون پشکن    ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێبن...
ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل    کە هێشتا گەردون، پیێ نە داوە تل!
گاسەرەو ژور، گاسەرەو خوار    تاڵی و شیرینی دنیای ڕێبوارە!...

## شیوەنی شێرکوبێکەس بوگۆران

ئەی جێ نەزرگەی یارانی خامۆش    میری شاعیران نەکەی فەرامۆش
ئەی ئەرخەوانی ئازیزی سەیوان    ئاخۆ ئەزانی کێت بۆتە میوان؟
میوانی تازەت تەرمی «گۆران»ە    گەوهەری دنیای شیعری کوردانە
شا بەسەی گیانی تازە هەڵبەستە    زیندووی ئەدەبی چرا بەدەستە
ئاوازەی لێوی فریشتەی ژینە    خواوەندی وەسفی جوان و شیرینە
تریفەی هەستی مانگی نەورۆزە    لوتگەی هونەری بەرزو پیرۆزە
**گیانی مەولەوی سەدەی ئیستایە**    پەنجەی نەخشاوی وردی هیوایە
قبیلەی ئارامگای تاسەی دڵدارە    بالا ئاوێنەی دڵی بەهارە
گۆران ئەبینم، لە ناو جوانییا    ئەژی لە ئاسۆی دەم بەیانیا
لە گۆمی مەنگ و لە خۆر نشینا    لە قژی زەرد و لە چاوی شینا
لە لوتکەی سپی و نزاری چڕا    لە هاژەی چەم و قەڵبەزەی خوڕا
لە بالای بەرزی زۆر شۆخ و شەنگا    لە دۆڵی کپی مات و بێ دەنگا
لە بای خەزان و پایزی زەردا    لە باڵە فڕیێ پەپولەی هەردا
لەناو هێلانەی سۆزی بولبولا    لە دەمی خونچەی سەر پۆپەی چلا
لە ناو جریوەی ئەستێرەی دووڕا    لە ڕەنگی ئاڵ و پەمەیی و سوورا

Dr.Saleh Ebrahimi



لە بەرزی کێوی سەرکەشکەڵانا
لە، لەرانەوەی پەڕەی گوڵانا
لە نیگای مەستی ئافرەتی جوانا
**سیا چەمانەی لای هەورامانا**
لە عەتری بۆن و بەرامەی باخا
لە دارو بەردی ڕێی قەرەداخا
لەو جوانیانەدا کە وەک وەنەوشە
لە بەر چاوانا ون و خامۆشە.
کە ژاوەی شیعری بەهاری گۆران
ڕونا کە وەکو ئاسۆی بەر بەیان
هەتاکو جوانی بژی و بمێنێ
گوڵاوی شیعری ئەو ئەپرژێنێ.

سلیمانی / ١٩٦٢

**گۆران**

«لە یادی بیروەوەری چوار ساڵەی کۆچ کردنی یەوە»

**- لە مردنیا:**

هەتاو ڕەنگی هەڵ بزرکا
بوو بەگڕە شنەی هەوار...
خوێن لە چاوی ئاسۆ تکا...
ڕژایە سەر گۆنەی بەهار

***

جریوەی شیعری پرشنگ دار
زەرد هەڵگەڕا کەوتە لەرزین
پەپوولەی ئێسک سووکی یار
بەسەر گوڵا کەوتە گرین...

***

بزەی مانگە شەوی ئاسمان
لە سەر بەفری لووتکە تەرا...
دەنگی قاسپەی بەرە و کوێستان
بۆ گەرمیان ڕووی وەرگێڕا..

***

نێرگز چاوی سپی سوور کرد
دڕک چەقی لە وەنەوشە
با... گوڵاوی دەم هەنگی برد...
کەوتە هەنسک گەرووی ووشە

***

گەشەی شەونمی بەربەیان
لە سەر گەڵای خەم تواوەوە...
قژی فریشتەی شیعری جوان
لە ئەرخەوان ئاڵایەوە...

***

Dr.Saleh Ebrahimi



تەرزەی ژێر دەوەن و بنچک	ئارەقی کرد بە جێگەی گڵ...
باران نمەی تاسەی تکتک	ئەپەرانە سەر پۆپەی چڵ

***

کرێوەی زستانی هەواڵ	هێلانەی بولبولی شێوان
هەوری رەشی رووگرژو تاڵ	بە سەر سامالا ئەیگرمان

**٢ ـ لە یادیا:**

لە پەپولەی ناو باخەوە	بو گولاڵەی کە ژوو نزار
لە هەنگە زەردەی شاخەوە	بۆ سەرگەلاو بۆگوی ڕوبار

***

لە جوانانی بێ ناوەوە!	بۆ شۆخ و شەنگی دەرکەوتوو
لە وەنەوشەی خزاوەوە...	بۆگوڵە باخی سەرکەوتوو

***

لە قژی زەردی خاوەوە	بۆ سەر لێوی ئەرخەوانی
لەسەر کوڵمی گەشاوەوە	بۆ چاوی شینی ئاسمانی:

***

بەگوێ یەکا ئەچرپێنن..	شیعری «گۆران» ئەخوێننەوە...
لەو شانە ملوانکەی ژین	بۆ کردگار ئەهۆننەوە...

## هەستی ناسک و جوانی گۆران

وەنەوشە سەرکز و بێڕەنگ مردوە و خامۆشیی پرمانای ژیانی نەماوە، تەنانەت سێبەری توترکیش بە سەریانە کشاوە؛ هەورێکی بۆر و چلکن بەفری سەر کەلی داپۆشیوە و جریوەی ئەستێرەش وەبەر چاو ناکەوێ، مانگەشەویش وا بەێنێکە کەس تریفەی نابینێ. تەم و تاریکی سەر کانیاوی ڕونی ڕاناگیردرێ. بەری بەیانی ئاسۆی هیوای ڕوناک کردۆتەوە. فریشتەی عەشق و جوانی باڵی شکاوە و ملوانکەی شێعری جوانی بچراوە و بە راستی شانۆی سروشتی کوردەواری جیلوەی نەماوە. بۆچی وایە! چ

Dr.Saleh Ebrahimi



قەوماوە؟ بە ڕاستی ئەوانە نەماون یا کەس نایانبینیّ. بەڵیّ دیارە ئەو چاوە ورد و جوانبینە نەماوە کە ئەو جوانییانە ببینیّ، وە ئەوگویّ ناسکە نەماوە کە لەرە و شنە و خشپە، پەردەکەی بلەرێنێتەوە و هەستی بکا. داخی گرانم ئەوە گۆرانە نەماوە.

ئەو چاوانە کە جوانییەکانی کوردستانی ئەبینی، ئەو جوانییانە کە لە ناخی سروشتی کوردستان دایە و هەموکەس نایبینیّ؛ ئەو چاوانە کە لە تەلی وەنەوشەی خامۆشی ژێر سێبەری توترکا، کەلوتکە هەرە بەرزەکانی هەورامانی ئەبینی ئێستا نوستووە و خاك و خۆڵ داپۆشیوە. ئەوگوێیەی کە دەنگە نەرمەکانی سروشتی کوردەواری پیّ جوان بوو، ئێستا پڕە لە خاك. ئەوگیانە بە نرخە کە لەگەڵ بولبول وتوویژی ئەکرد و لە خامۆشیی تەلی وەنەوشە پەرۆش بوو، ئێستا خودا عالم لە کام عەرش ئەسویّ داویّن. گۆران بە ڕاستی شاعیرو هەستیاریّ بیّ وێنەی شێعری کوردی بوو، گۆران لە شیعردا هیچ شتێکی نەویژراوی، لە شیعردا، نەهێشتووەتەوە، هیچ دیمەنێکی جوان نەماوە کە باسی نەکردبیّ. بەڵام ئەو دیمەنە کە گۆران سەرنجی ئەدا هەر ئەو دیمەنە جوانەیە کەساڵەهای ساڵە هەر بووە و کەس پێی نەزانیوە یا باسی نەکردووە. گۆران ئەو شتانەی هەست ئەکرد کە لە ناخی سروشت دا هەیە. بە ڕاستی ڕوی کام گۆمی شین و مەنگە یا کام داری شۆخ و شەنگە کە بە چریکەی بەستەکانی گۆران نەلەرابێتەوە، یا کام شاخی سەخت و بەرزە کە لە سۆزی مۆسیقای شێعری گۆران نەکەوتبێتە بوومە لەرزەو هەژان، ناخی کام ئاسمانی بیّ بنە کە هەناسەی سیحراویی گۆران پڕلە شنەی نەکردبیّ، یا خۆ کام دەریای زۆر قووڵە کە بنی لە لەرەی لێو و خشەی فەلەمی گۆران بە جووڵە جووڵ نەکەوتبیّ. گۆران کە سەری هەڵێناوە جوانترین ئەستیرەی ئاسمانی دیوە و کاتیّ لە باخچەداگەشتی کردوە جوانترین گوڵی بەهاری چنیوە. لەگەروی شمشاڵ و لە تەلی کەمانگەلیّ ئاوازەی جوان هەڵساوە، بەڵام دەنگە نەرمەکان زۆرتر سەرنجی گۆرانی ڕاکێشاوە. لە چاوی ئافرەتێکی جواندا زۆرتر لە ڕەشیی چاوی، تیشکی نیو نیگای گۆرانی مەست کردوە.

وادیارە ئەو جوانییە کە گۆران لە دیمەنی جوانی خۆشەویستەکەی دائەبینیّ هیچ جوانییەکی تر بەو پایە لە جوانیدا نەگەیشتبێت، چونکو ئەڵیّ:

کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی؟ ئاڵە وەك کولمی، لاجانگی، لێوی؟

Dr.Saleh Ebrahimi



کام رەشی، ئەگا بە رەشیی چاوی؟ برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟
کام بەرزی جوانە وەك بەرزیی بالاّی؟ کام تیشك ئەگاتە تیشکی نیو نیگای؟
کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنوارِی تەلیسماوییە وەك هەی دلّداری؟

لە وەسفی جوانی داگۆران ئەوەندە بە دەسەلاّت بووە کە یارمەتی لە هیچ شتێکی تر جیا، لە وەسفکراوەکەی بۆ وەسف وەرنەگرتووە. گۆران ناخی جوانییەکەی هەست کردوە و بۆبەیانی ئەو جوانییە تا رادەیەکی واشارەزا و پرِ دەسەلاّت بووە کە خوێنەری هۆنراوەکانی بە ئاستەم ئەو هەمو جوانییە هەست ئەکا. وەکو ئەزانین لە ئەدەبی پێش گۆراندا هەمو جوانییەك بە وشەی جیاواز لەو جوانییانە بەیان کراون. بۆ وێنەی لێوی ئال بە خوێنی دلّی ئاشق یا یاقوت وەسف کراوە. گۆران ئەگەر ویستوویەتی جوانییەك بەیان بکا واژەی وەهای دەس نەکەوتووە کە ئەو جوانییەی پێ بناسێنێ لە مۆسیقا یارمەتی وەرگرتووە و ئاهەنگێکی بە شێعرەکەی داوە کە خوێنەر بە هۆی ئەو ئاهەنگەوە مەبەستی گۆران هەست ئەکا. لە وشەی شێعرەکانی گۆراندا تونێکی تایبەتیَ هەیە کە ئەگەر باسی شتێك بکا بێ ئەوە بەیانی زۆرتری پێویست بێ مەبەستەکەی دەرئەخا، گۆران بە راستی مەیل و تاسەی کوردی بۆ شێعر، پاراو کرد. هۆنراوەکانی گۆران زنجیری شێعری کوردیی کۆنی بچرِی، هەروەکوو ئەورۆی کورد کە هیچ قەیدو بەندێك قبول ناکا. گۆران شێوەی ژیانی کوردی بە زمانێکی سیحراوی بەیان کرد. گۆران شاعیری هەموو چینەکانی کوردستان بوو، شایی و خەمی هەموو چینەکانی بە وشە تایبەتییەکانی خۆبەیان کردووە. بە راستی گۆران کۆمەلّ و کۆمکار ناسێکی پسپۆر بووکە ناخ و بنی نەناسراوترین کۆمەلّەکانی کوردی سەرنج داوە. لە شێعری داکە باسی ژیانی شوانێك ئەکا تابلۆیەك لە بەر چاومانا دائەنێ کە هەموو شتێکی ئەو ژیانەی تێدایە، تەنانەت رەنگ و مۆسیقای ئەو ژیانەشی تێدا ئەبینرێ و ئەبیسترێ. کاتێ کە باسی سۆزی شمشالّی دەروێشێك ئەکا سۆزی شمشالّە کە لە تۆی شێعرەکەی دایە. پیاوکە «گەشتی قەرەداخ» و «گەشتی هەورامان» ئەخوێنێتەوە خوی لەوگەشتانەدا بە هاورێیَ گۆران ئەزانێ. ـ گۆران کە باسی دیمەنێك دەکا هەمو شتێکی ئەو دیمەنە هەست ئەکا، ئەوەیە کە خوێنەری شێعرەکانی بە جارێ ئەبینێ وئەبیسێ و بۆن ئەکا. گۆران لە عەشق و

Dr.Saleh Ebrahimi



ئاواتی شوانێک وەها ئەدوێ کە خوێنەر پێی وایە شوانەکەیە، کە دەروونی بە کوڵی بۆت هەڵئەرێژێ.

گۆران لە سروشتی ئافرەتدا جگە لەو جوانییە کە ئەوی سەرمەست کردوە شتێکی تری زۆر بە لاوە گرنگ بووە کە لە شێعرەکانیدا خۆشەویستەکەی پێ رازاندوتەوە، کە سەرسەختی ئافرەتەکەیە لە پێناوی دڵداریدا. گۆران ئەو جۆرە عیشوەی تێکەڵ لەگەڵ سەرسەختیدا بە یەکێک لە خووە سروشتییەکانی ئافرەت زانیوە و ژنی بێ ئەو زیوەرە، بە لاوە جوان نەبووە. چلۆنیەتی ژیان و مردن و هۆی لە دایکبوونی مرۆڤ پرسیارێکی گرنگ و شایانی بیرلێکردنەوە بووە بۆ گۆران و بە واتەی خۆی هەرکام لەو پرسیارانە بە نەوعێک یەخەی ئەگرێ، هەرکام جۆرێ دێتە پێشێ و هێندە لەو پرسیارانە سزائەکێشێ کە ئەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەمیان یەخەمان ئەگرێ | جوابی ئەممان پێ نادرێ |
| ئەوی‌تر دێتە پێشێ | ورد وردگیانمان ئەکێشێ |

بێ‌گومان، وەکو هەمو مرۆڤێک ئەو موعەممایە بۆ گۆرانیش بێ جواب مابو. تاوەکو دەستی پرهێزی ئەجەل ئەوی لە بیرکردنەوە رزگار کرد. بەڵام ئەگەر سەرنجێکی تایبەتی لە ژیانی گۆراندا بدەین بۆمان دەرئەکەوێ کە گۆران لە ژیانی خۆی دا رێگایەکی وەپێش گرتبو، کە لە لایەکەوە جوابی بەو پرسیارانە دابووەوە، لە لای ترەوە خۆی بەو کارە دڵخۆش کردبو. رێگای گۆران لە ژینی دا خزمەت بەگەل بوو، کە بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە جوانەی خۆی ئەدەب و شێعری کوردی بووژاندەوە و ئامانجەکەی بەدی هات و ئێستا لە کۆشکی ئارامیدا سەرخۆشی بادەی خەباتی گەلەکەیەتی کە شوکردەوڵەتی. کورد، سازدراوە.

گۆران هۆنەو هەڵبەستەکانی بەکوردیەکی پەتی نووسیوە. هەر یەک لە وشەکان مەعنایەک دەردەخەن کە ئەو مەعنایە زۆر جار بە چەند جوملەش بەیان ناکرێ. قودرەتی بەیانی گۆران بە کوردیەکی پەتی، **وتەی «سوەن» مان وەبیر دەخاتەوە کە دەڵێ «زمانی کوردەکان هێزێکی تەبیعی هەیە بۆ دەرپرینی مەبەست.»** لەگەڵ ئەو واژە جوانە کوردییانە، گۆران تەرکیباتێک بەکار دێنێ کە تایبەتی خۆیەتی:

Dr.Saleh Ebrahimi



«شاری پەنجەرە ودەرگا داخستوو»، «وەک یەک گیاندار و بێ‌گیان تیا نووستوو»، «ئالیک دوا کەوتوو»، «ڕێگای هیوا نیشاندەر» و ...

دەڵێن گۆران تا ڕادەیەک لە شێعری ئینگلیزی و ترکی ئیلهامی وەرگرتووە. ئەوە بیرو بڕوایەکی دروست و ڕاستەقینە نییە، چونکە هەڵبەستەکانی گۆران بێجگە لە یەک دویەکیان گشتی باسی کورد و وڵاتەکەیەتی. شێوەی هەڵبەستەکانیشی لە هیچکوێ لاسانەکراوەتەوە، چونکە هەروەک دیتمان شێوەکانی گۆران لە شێوە دا، هەر ئەوانەن کە سەدان ساڵ لەمەو پێش لە چریکە کوردییەکاندا پێک دەهێترا، وە ئەو زەمان شێعر و ئەدەبی کوردی‌یە، تەنیا لە بیری کوردی ئاوی دەخواردەوە، هەروەک ئێستەش زۆرتر وایە. وێچوونی شێعری کوردی وە شێعری ئیستەی گەلانی ترکە دەیانەوێ لە بەندی قەواعیدی عەرووزی رزگاریان بێ، نابێ ئەمە بخاتە سەر ئەوگومانە کە شێعری کوردی لاساکراوەوەی شێعری وانە!

هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم — بۆم ناخرێتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستم
لێکدانەوەی دەرون، قسەی زمانم — بۆ چی وەهادورن، لەیەک؟ نازانم
ئەمویست دەرون بکرایەوە، وەک تۆمار — دەرکەوتایە: دنیای جوانتر لە بەهار
دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین — پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین
دەرکە وتایە: مانای مەنگی دەریایی — کە نەرمە باڵە روی ئەدائە سپایی
دەرکە وتایە ئەو دنیایە کە شێعری — بێفرمێسکەو زۆرتر لە فرمێسک ئەگری
زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دەم و چاو — تیشکێک ئەدا، ڕوناکترە لە هەتاو
بەڵام ئەفسوس کە ئەو شێعرە جوانانە — باڵدارێکن جێنا هێڵن هێلانە
لەناوە وە ئەجریوێنن، ئە خوێنن — هەرگیز قەڵەم بە کاغەزدا ناهێنن

سەرچاوە: کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد... پەرەی ٦١٣ تا ٦٤٤ بەقەڵەمی (شەپۆل) چاپی ١٣٦٤ هەتاوی چاپخانەی مەهارەت، تاران. ئەم باسی گۆرانەم بەکوردی وکورتی لە زانکۆی ناوگەلانی لە شاری قەزویێی ئێران بۆزانینخوازانی کورد، لە رۆژی یەکەمی سەرماوەز ـ ی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی خوێندەوە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# چەند نوکتەی وردی مرۆڤانی کوردی

**تێ روانی و بیرکردنەوە** ١ ـ لە کاتی شەڕی تورکی عوسمانی و روسی تەزاری، تورکی عوسمانی بە عەمدشەڕی خۆی هێناوە تەنێومالّ و نیشتمان وزێدی کورد و کوردستان، تا بەشەڕی خۆی و روس، کورد سەرقالّ و سەرگەرم بکا، نەوەک، کورد راچەنێ و وەخەوە ربێ و یەک بگرێ و ماف وحەقی خۆی بخوازێ و خۆی لەبن دەس تورکی عوسمانی رزگار و سەربەخۆ، رابگرێ، مێژو، دەڵێ: تورکی عوسمانی، هەرلەوترسە، نەیشی وێڕالەگەلّ ئەلمانیە کان پەیمانییەکیەتی شەرپە دژی روس مۆربکا، نە باداروس لە تولّە دایارمە تی کوردبدابۆسە ربەخوبونی کورد. ٢ ـ دەڵێن: لە نێوان کامیاران و سنە لە نێوان روس و هەندێ عەشایەری کورد، شەرخۆشبوو، لەشکری نیازخان و ئازادخانی کوردلە شکری روسییان تێ شکاندو چەند سەربازوساڵداتی روسیان بە یەخسیرگرت، جاسوسانی ئەلمانی، بەوخەبەرە، دەزانن و خۆدەگەینە ئازادخان و نیازخان و داوایان لی دەکەن ودەڵێن: بە هەر قیمەتێک بووە، ئەو دیلە روسانەیان بدەنێ، ئەو ٢ کوردەیش دەڵێن: ئەو سەربازە دیلە روسانە، ناموسی ئێمەی کوردن، بە هیچ قیمەتی نایدە ینەدەس نێوە. ئالمانیەکان ناچاربە دەسی خالّی دەگەرێنەوە و پیاوی روسیان پێی نادرێ، ئەمەخوێ باش دەسە لمێنێ کە نەتەوەی کورد، **ئازادیخوازە و حەق و مافی بەرەی بەشەری لەبەرچاوە، مافی بەشە رریعایەت دەکا**، کاروئاکاری جوان و مرۆڤانەی ئازادخان و نیازخان، خۆی جوانترین بە لگەیە، کەیە خسیرە روسە کانیان نەدا بەدەس جاسوسانی ئەلمانیەوە کە چی روس لەوپەری دنیاوە بەلەشکرە وەهێرشی هێنابووە نێومالّ و نێشتمانی کوردوکوردستانو شەڕی پی دەفرۆشتن، بەلّام ئێمە دیتمان حوکومەتی یۆنانی خاوەنی سوقرات و بوقرات! چلۆن ئاپۆ (عەبدوللّان ئۆجەلان) یان دابە دەس هەتیوەکانی تورکی عوسمانی ٣ ـ لە ئەفسەرانی قیامی خۆراسان چەن کە سیان بیرە وەری خۆیان نوسیوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



تفرێشیان و ئیحسانی و زەربەخت ئەم ئەفسەرانە لەبیرەوەری خۆیاندا رایانگەیاندوە: کە ئێمە دوای ئەوەی چوینە لای بارزانی و پەنامان گرت، لەشاری شنۆ، زۆر جاران بەجلکی کوردییەوە لە خزمەت ژەنراڵ مستەفا بارزانی و شیخ ئەحمەدی بارزانی دادەنیشتین، هەرجارنەجارێک، سەروکە للەی پیاوی شای ئێران بەناوی سەرهەنگ غەففاری نێویێک، پەیدادە بووورای دەگەیاند شاداوای ئەو ئەفسەرانە، دەکا، دیارەئەوئێمەی لە بەرانە دیبوو نەیدە ناسین، ژەنراڵ مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی بە حوزوری ئیمەلەوە لامدادە یانفەرمو ئەوئەفسەرانە پەنایان بۆئێمە هێناوە و ناموسی ئێمەن قەت ئەو ئەفسەرانە، بە ئێوە نادەینەوە، ئامادەین، چەند کەس لە کورانی بنەماڵەی بارزانی، لەباتیان، بەئێوە بدەین، بەلام قەت ئەوئەفسەرانە نادەینە دەس ئێوە، ئایابە لگەلەمە جوانتربۆ ئازادیخوازی هەیەتۆ سرنجبدەچەن بە جوانی نیشان دەدا، کە کورد مرۆدۆستەو حەق و مافی ئینسانی لەبەر چاوەوریعایەتی حەق و مافی خەلکیش دەکا، جاهەرلەبەر ئەویە، ئە و مارزوزالمانەی وازاتەن ناتوانن حەق و مافی مرۆلە بەرچاوبگرن و لەگەل ئازادی و ئازادیخوازی ناگونجێن و ناخونجێن. دێن کولەوەژ، بۆکوردان ساز دەدەن، کولەوەژ، تەنوری پیدە شێوینن، سەرەکەی گردەگرێ جابۆئەوەی، بیکوژێننەوە، سەرەکەی دەکەن بە نێوخۆلە میشدا، سەری کولەوەژەکە، بەو ئاگر گرتنە، دەسوتێ و رەش دەبێ، چون بە ئاورە کە سوتاوەورەش هەلگەراوە. دیارە ئەوانەی تەقەمەنی لەخو دەبەستن و دەچن مو سولمانان بە فیرۆدە کوژن ئەوانە، نە ئینسانن و نە موسولمانن، ئەوانە کولە وەژی سەرره شی نیوتەنورن، رویان لەقاپی خوداولای بەرەی مرۆ، رەشەو مەحکوم و نابودن.

**٤ـ کورد، دەبێ یەکبێ ویەک بگرێ تاسەرکەوێ** وکارەساتی هەولێریش کوردی لەیەکبون زۆرنیزیکتر کردۆتەوە، ئێمە میسالێک دێنینەوە، تاجوان فایدەی وەحدەت و یەکیەتی، نیشان بدەین، تۆ لە نیوەراستی مانگی هاویندا، لە نیوە رۆدا، سیغارێک لە بە

Dr.Saleh Ebrahimi



رتیشک و نوری گۆی  رۆژ، رابگرە، هەرچی جگەرە کە، بەرزو بڵیندیشی بکـەیتەوە، جگەرە کە، گڕناگرێ و سیغارە کە، ئاور ناگرێ و داناییسێ، بەڵام ئەگەر، زەرە پینیک، لەبەر گۆی رۆژلەنیوە راستی رۆژدا، رابگری، ئەنیرژی نوری رۆژلە خوێدا کۆدەکاتەوە جائەگەرسیغاری، وەبەربگری، دای دەگیرسێنێ و جگەرە کـە، ئـاوروگڕ، دەگـرێ، نەتەوەی کورد، ئەبێ وەها یە ك بگرێ و وەحـدەت پـەیدا بکـا، کـە دژو دوژمـنان، نەتوانن، نفوزیان تێ بکەن، تا ئاسان بەمافی رەوای کورد و کوردستانی خۆی بگا.

٥ ـ دیارە بە دەرکرانی حەمەرەزاشا، لەئێران ولە کون دەرهێنانی صەدام حسێن و ئەوە کـەپەتیان لەمـلی خست و شـەقێکـیان تێ هـەڵداو خـنکاندیان و مـردنیبۆمـە دیـەن لەئەلجەزایر کە توشی نەخۆە شێکی واهات نەجاسەتی خۆی دەخوارد.

ئەوەیە خودادە فەرمێ: (وکذالك نجزی الظالمین). یانی ئاوا تۆڵەی مەزلوم و ستەم لیکراو، لەزاڵمان و مارزان، دەستێنێتەوە ـ کوردیش دەڵێ: (خـوداتۆڵەی بـزنی کۆڵەلە بزنی شاخدار، دە ستێنێتەوە) یادەڵێ: «ئاش بە نورەیە. نورەی ئێمەش دێ‌ئیتربە یەقین».

خـودایش فـەرمویەتی: (و تـلك الایـام نـداولها بـین‌النـاس) ـ بـەنەمانی ئـەوسێ مارزوزاڵمانە، دەروازەی ئازادیبۆ نەتەوەی ئازادیخوازی کورد، کراوەتەوە. بەتایبەت کە سەلمیندراوە، نەتەوەی کورد، حەق و ماف‌خوازەو هێرش و داکیر کەرنیە و مافی ئینسانی لەبەرچاوەو **حەق و مافی بەرەی بەشەردەپارێـزێ و ریـعایەتی دەکـا.** یـەك لەونمونانە ژەنرال مستەفا بارزانیە کە کە لەسەر ماڵ ونیشتماتی بـاوباپیرانـی دانـیشتبو و دوژمن بەو پەڕیبێ روحمی هێرشی دەکردەسەری و بەئاگروئاسن، کوردیدەکوشت و کوردستانی وێران، دە کرد قەت بارزانی و بارزانیان هێرشیان نەبردە سەرماڵە عەرەبێ، بـیکوژێ یـا مـاڵی ویـرانبکـا، بـەلکـولەماڵ و نـیشتمانی خـۆی بـەرەوانـی ودیـفاعی دەکردوبەس ٦ ـ ئـیحسانی لەبـیرەوەری خـۆیـدا دەنـوسێ: ئێـمە ئـەفسەرانـی قـیامی خۆراسان کە پەنامان بە بارزانی بردبو، لەکاتی بۆمبارانی رەژیمی پـەهلەوی و تـورکی

Dr.Saleh Ebrahimi



عوسمانی، دیتمان ژن و منالّ و پیاوی پیرو نەخۆشی بارزانیان، چەند شپرزە ولێقە و ماون و هەناسەساردن، بێنان وبێ ئاولە **نیوئەوچیاپربە فروسەرمایە، زۆرلە دەردومەینەتابوون.** ئێمە لێبڕاین. لەوە زیاتر نەبینە سەرباری ئەوان و ویستمان بڕوێن. ژەنرالّ مستەفا بارزانی فەرموی: دە تانەوێ بۆکوێ بچن؟ لەمن باشترو دلّسوزتر تانبۆپەیدانابێ، **لاّی** من بمێننەوە، ئەگەرقەرارەلە برسابمرین لە بەرامن دەمرم جائێوە. ئەگەربەگوللە بکوژرێین ئەوەلّ من دەکوژرێم، جائێوە، **لای** ئێمە بمێننەوە، هەمومان پێکە وەسەرمان، لەسەربەردێ دادەنێن و چارە نوسمان تیکەلاّو، **یەکترین دەکەین، پێکەوە دەمرین**، بمێین **پێکەوە زیندودە مێنێنەوە.** لەدوایی‌دا ئیحسانی دەنوسێ: تۆ خودالّەم قسانەی بارزانی جوان ورد بنەوە، خۆیان بەوهەموکەندو کۆسپەوە کەچی چلۆن مرۆڤانە لەگەلّ ئێمە رەفتاریان دەکرد، تاکەسێ وەک بارزانی بەرەنج و جەنگەوە، لەنێوبە فروسە رماوباوبۆران گیرنە خواله واتای ئەوقسانەی بارزانی حالّی نابێ، ئەم قسە چەند پڕەلە صەفا و صەداقەت، پێکە وە، سەردەکەینە سەربەردێک، **پێکەوە دەژین، پیکە وەدەمرین. بارزانی پێمان دەلّێ: ئەگەرلەبرسا بمرین لەبە رامن دەمرم، ئەم واژانە چەن جوان، بە راستی و دروستی لەزاری موبارەکی‌بارزانی دەهاتنە** دەرێ.

**سەرچاوە:** کتێبی بیرەوەری قیامی ئەفسەرانی خۆراسان عەلی ئەسغەر ئیحسانی چاپی ئەوەل سالّی ۱۳۷۸ی هەتاوی تاران پەرەی ۲۰۷ و... کوردوپە راکەندەگی ئەولە گوستەرەی ئێران زەمین، حەیدەر بهتویی، چاپی ئەوەلّ ۱۳۷۷ هەتاوی خوجەستە ـ تاران ـ بیرەوەری تەفرشیان وزرەربەخت.

Dr.Saleh Ebrahimi



# لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شیعری گۆران بۆ دەروێش عەبدوڵڵا

ئەوەکە هونەرووەری بەڕێز عەلی خیرەدمەند بە شارام نازری راگەیاندبوو، لە نادری کورت گەڕێ لەباتی گۆرانیوتن با بڕوا کارێکی دیکە بۆ خۆی بدۆزێتەوە[1]، منی خستە بیر ئەو هۆنراوەی گۆران کە رووی قسەی لە دەروێش عەبدوڵلایە، لە فۆلکلۆری کوردیدا گرنگیەکی تایبەت پەیدا دەکا، پەندێکی پێشینانی کوردی دەڵێ: «زۆرتری خەڵک عەقڵیان لە چاویان دایە» کە هەمووومان دەزانین ئەم قسەیە راستە. هەموو چاوێک دەڕوانێ و دەبینێ، بەڵام دیتنیان وەک یەک نیە، زۆربەی خاوەن چاوەکان بۆ شت دەڕوانن و شت دەبینن ودیتنەکەیان لەسەر رواڵەتی شتەکەوە دەوێستێت و قەبوڵی دەکاو وەدوای دەکەوێ. بەڵام هیندێک چاوی تیژو وردبین هەن کە بە رواڵەتی شتەکە بەس ناکەن، پشت و ئەو دیو وناخی شتەکە دەبینن و تێی دەڕوانن و لێی دەکۆڵنەوە.

دەتوانین بڵێین کە گوێچکەش وەکو چاو وایە، یانی : «زۆربەی خەڵک عەقڵیان لە گوێچکەیان دایە»، هەرچی دەبیسن وەریدەگرن و قەبوڵی دەکەن و بەکردەوەش دەیکەن. بەڵام هیندێک گوێچکەی بە هەست و قووڵ هەیە کە تەنیا بە دەق و رواڵەتی بیستراوە کە بەس ناکاو تەواوی لق و پۆپ و رایەڵ و پۆی بیستراوەکەش دەبینێ، سەرنج دەداتە بەرهەمی بیستراوەکەو دەیداتە بەر جیکەنەو لۆکە نەرمەکەی، لە پەمۆ دانەکە جۆی دەکاتەوەو بەبای عەقڵ شەنی دەکاو کاو دانەوێڵەکەی لە یەک جوێ دەکاتەوە، بە بیری تیژو وردی شانەی دەکاو سەرۆک و بنۆک و سەرکۆزەرەی دەگرێ و خەوشەکەی جوێ دەکاتەوەو هەرکامێکیان لە جێگەی تایبەتی خوێدا دادەنێ.

دەڵێن: «ماسی لەسەرەوە دەگەنێ»، هەر لەبەر ئەمەیە، ئەوانە، ئەوانە کە دەیانەوێ نەتەوەو گەل و خەڵکێک بگەنێنن، سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارەکان دەگەنێنن، ئەگەر ئەمانە گەنین ئیتر وەکو خۆرە تەواوی خەڵکەکە دەتەنێتەوە.

ئێمە چەندین جار لەم پەیوەندیەوە، رامانگەیاندووە، کە دژو دوژمنانی ئیسلام و قورئان و ئەوانەی کە دژی فەرهەنگی رەسەنی کوردی و خۆماڵین، خەریکن ئێمە وا باربهێنن کە هەرگوێ بدەینە فەرهەنگ و داب و دەستور و ساز و ئاوازی نامۆو لاوەکی و چاومان لەبێگانە بێ و لە لایەکی دیکەوە لە فەرهەنگ، خوو ئاکارەجوانو رازاوەکانی خۆماڵی کوردی خۆمان دووره پەرێز راگرین و ئەو داب و دەستورە رەسەن و جوانەی باووباپیرانمان لە بیر بچێتەوە و تەنانەت جل وسیپاڵی خۆماڵی کوردی نەکەینە بەر. جا

Dr.Saleh Ebrahimi



هەر لەبەر ئەمە بوو کە تاغوتی ئەوەل (ڕەزاخان) کەواو پاتۆلی کوردی کە جلی نوێژو دینە، لە خەڵکی قەدەغەکردو دەیویست موسڵمانانی کورد فەرەنگی مەئاب بکا، لەو سەردەمەدا، ئەگەر لاوێک یا ژنێک سەرتاپا سیپاڵی فەرەنگی لەبەر دا بووایە، پێیان وابوو کە زۆر پایەبەرز و بەڕێزە، ئەگەر لیباسی خۆماڵی کوردی لەبەر دابووایە، دەیانگوت کە زۆر وەپاش کەوتووە، واتە: پێشکەوتخوازی و وەپاشکەوتویی، بە گوێرەی لیباس دیاری دەکراو بەم لەونەدەیانویست کە فەرهەنگی ڕەسەن وباوی خۆماڵی کوردی لە بیری خەڵک بەرنەوەو فەرهەنگی هەرزەی بێگانەو نامۆ لە جێی ئەو دانێن.

هەروەک دەزانین ئەوگشتە چاوە، ئەو دیمەنانەیان دیبوو و ئەوگشتە گوێچەیە ئەو هەمووە موسیقا لاوەکیانەیان بیستبوو، بەڵام کەم گوێچکەی تیژو بە هەست وەکو (عەبدوڵلاّ گۆران) بە وردی لەمانە تێگەیشتووە، ئەم دیتن و بیستنە رواڵەتیەی خەڵک، دەبێتە هۆی چ بەڵاو مەینەتێک؟ مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ.

لە لایەکی دیکەوە، هەموومان دەزانین کەکەسێکی وەک (تەقی‌زادە) کە سەردەمێک لە ئێراندا دەسەڵاتدار بوو، کردەوەی ڕەزاخانی کاوێژ دەکردەوەو گوتی: «ئێمە دەبێ سەرتاپامان فەرەنگی بێ، تا ببینە ئینسان، چون تەقی‌زادە نۆکەری بێگانە بوو، ئینسانی بەوە دەزانی بێگانەو فەرەنگی مەئاب بێ.

ئەو هەموو گوێچەیە، قسەکانی تەقی‌زادەو موسیقا و ساز و ئاوازی نامۆیان بیستبوو، بەڵام کەم گوێچکەی قووڵ و وریا و تێگەیشتوو پێگەیشتو، بەرهەمی ئەمانەی لێکدابووەوە، ئەگەر جوان وردببینەوە ئیستیعمار و چەوسێنەران وشەڕهەڵایسێنەران بۆ ئەوەی بتوانن فەرهەنگی نەتەوەیەک لە نێو بەرن، ئەم بەرنامەیان بە نێو دەسەڵاتداران و بەناو ڕۆشنبیران دا بڵاو دەکردەوە، ئەوانیش لە ڕێگەی چاوو گوێچکەوە ئەوەیان وەکو چاوە قوڵکەو گوێ ڕەپە دەخستە نێو خەڵکی و پەتاکە، هەموو کەسێکی دادەگرت.

ئەم پەتایە بە تایبەت لە ڕژێمی پەهلەوی هەموو لایەکی ژیانی تەنیەوە، هەر لە جل و بەرگ و کەوش و شتی خواردەمەنیەوە بیگرە تا دەگاتە فەرهەنگ، ڕامیاری، موسیقا، چریکە، بەیت، هۆنراوە، پەخشان و هونەر و قسەکردن و خووخدەی کۆمەڵایەتی. ..

ئەم دەردو بەڵا چەپەڵە، پلە بە پلە، زیاتر بەرەو نەگبەتی دەڕۆیشت، ئەگەر لە شاری تاران، کە ناوەندی وڵاتە، خەڵکەکە بە قسەی تەقی‌زادە دەبوونە فەرەنگی مەئاب،

Dr.Saleh Ebrahimi



خەڵکی کورد لەو پەڕی ئێران، چاویان لە خەڵکی تاران دەکردو دەبووە چاولێکەری کە ئەو شەیتانو بێچوە شەیتانانە، سازیان کردبوو، لە هەر جێگەیەک کە دەستیان دەڕۆیشت ئەم پیلانەیان بەڕێوە دەبرد.

گۆران ئەو هەستیارە بەرزو نەمرە، زۆر بە قووڵی سەرنجی داوەتە ئەم مەبەستانە و گوێی بۆ شل کردون، فەرهەنگی خۆماڵی و موسیقای خۆمانی کوردی زۆر لەکن چا بووە، بەڵام قینی لە موسیقای هەرزەی لاوەکی و نامۆ بووە، دیارە دەبێ ئەمەش بدرکێنم کە لە نێو قەومی ساکارو کەم زانستدا قەدرو ڕێزی هونەروەر و هونەرو سەنعەتکار، وەکو عەکسی مانگ و ئەستێرە وایە، لە نێو حەوزێکی لیخن دا.بۆیێ خیردەمەند بە کوڕی شارام نازری ڕێی نەداوە کاری هونەری بکات، لە ڕۆژگاری پێشو دا گۆرانی بێژ، شمشاڵ‌لێدان: موسیقاژەن، هەستیار، چرگەر، حیکایەتخوان و هونەرمەند لە نێو کوردەواریدا ڕێزێ زۆریان بوو و خزمەتیان دەکرا. بە تایبەت چڕگەران کە هی وەک عەلی بەردەشانیان تێیدا هەڵکەوتوە،کە کارەساتی وەکو شەڕ، دڵداری، چیرۆک و بەسەرهاتی گرینگی زۆر بە جوانی دەڕازاندەوەو دەماودەم بە دەنگ و ئاواز دەیانگێڕاوە، وەک چریکەی (ئەوڕەحمان پاشای بابان)، (مەمو زین) و (دم دم یا جم جم) و هی تر لە بەرانبەرا خەڵات و بەراتیان دەدرایە. بۆ وێنە عەللامە، مەلا ئەحمەد تورجانی‌زادە لە تاران بۆیی گێڕامەوە، فەرموی: کاتێ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کورد لە ورمێ لەساڵی ١٣٤٠ بەسەر نووسەری‌و بەرپرسی محەمەد قزلجی تورجانی‌زادە چاپ و بڵاوکراوە سمکۆی مەزن بە کاکمی فەرموبوو چەن ژمارەم بۆ بنێرە، کاکیشم ڕۆژنامەکانی بە منا نارد. کاتێ چومە چهریق و دیوەخان، میوانێ زۆر لە سەرانی هۆزەواری کورد،لە خزمەت سمکۆ بوون، فەرمانی دا بۆ میوانەکان یەکی ڕۆژنامەیەک لە پێشیان دانرێ و ئەوسا سمکۆ خۆی لیرەیەکی زێڕی لەسەر ڕۆژنامەکە داناو فەرموی ئاغاینە، هەر چەند من خەرج و مەخاریجی ئەو ڕۆژنامەم دابین کردووەو نیازی بە پارەو دراو نیە، بەڵام ئەبێ یەکی زێڕێک لەسەر ڕۆژنامەکە دابنێن، چونکە ڕۆژنامەیەکی کوردی کە بۆ یەکەمجار بڵاو دەبێتەوە، دەبێ بە زێڕ بکڕدرێ. ئەوسا ئوستاد تورجانی‌زادە فەرموی زێڕێ زۆر کۆکراوەو لە نێو سینی‌یەکدا لەبەردەم منیان داناو لەو دەمەی داکە من لە نیزیک سمکۆ بووم و خەریک بووم زێڕەکە هەڵگرم. سە در ولعولەمای مەهابادی لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو بە سیخورمە لێیدام، داوای خە ر مان لۆغانەی زێڕی لێکردم، منیش ٣ لیرەم پێ‌دا، دیار بوو داوای زۆرتری دەکرد،

Dr.Saleh Ebrahimi



منیش سوێندم لێخوارد ئیتر هیچی دیکەت نادەمێ، بەڵێ ئەمە خۆی باشترین بەڵگەیە بۆ ڕێزدانان لە فەرهەنگ و فەرهەنگیان. بەڵام لەو کاتەوە فەرهەنگی پوچی بێگـانەو نامۆ و ڕۆژاوا، وەکو کوندە بو باڵی ڕەشییان بەسەر ئەم وڵاتەدا کێشـاوە، ئـەم جـۆرە ئەدەب و هونەرانە لە برەو و نرخ کەوتون و نەماون وفەوتاون، ئەوانەش کە ماونەتەوە کز، بێقەدر، بێ ڕێز، کەنەفت، بێ تین، شپرزەو گۆڕاون و بە جارێک لەبـاو کـەوتون، گۆران شاعیری بەرزو بیروردی کورد، ئیشارە بۆ ئەمە دەکاو بـە دەروێش عـەبدوڵلا دەڵێ: برای دەروێش! ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی - بە زەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە - بە مردنتە کەگوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی -گۆران لە نێوەدێری ئاخری هۆنراوەکەدا ئیشارە دەکا بۆ فۆلکلۆری کوردی، کە دەڵێ (بلوێر بۆ گالێ دەدا) ئەمە لە کاتێکدا دەکوترێ کە کەسێکی زۆر عاقڵ قسەیەکی زۆر بە نرخ بۆ کەسێکی زۆر گەوج بکا. گۆران دەیەوێ بڵێ:تۆ کە شمشاڵو نەی بۆ قـەدر نـەزان لێ دەدەی وەک ئەوە وایە کە بلوێر بۆگالێ بدەی. تۆش بەقەت مردن نارەحەت دەبـی، ئەویش کە خرۆشی شمشاڵەکەت تێ ناگا، وەکو گوێچکەی بخنکێ وایە، لە خوارەوە پارچە هونراوەکەی گۆران‌تان بە تەواٚی پێشکەش دەکەم، تا بۆ خۆتان بیخوێننەوەو بە سەرنجی ورد بیپشکنن:

بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش
حەزم کرد بەستەیەک بییەم سەراسـەر حـوزن و مـاتەم بـێ
لە سیماتا بەدیم کـرد هـەیکەلی عـومرێکـی حـەسرەتکێش
وەهـا دیـارە کـە بـەختت ئـاشیانی بـلبلی خـەم بـێ!
بـەڵێ دیـارە لە نـێو قـەومی بەسیتا قەدری سـەنعەتکار
وەکـو عـەکسی قـەمەر وایـە لەنـاو حـەوزێکـی لیخندا
بـەڵام تـەختی روفـاهو تـاجی حـورمەت مـیللەتی هـوشیار
بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لە نـاو شـمشاڵی کـون کـوندا[۲]
سـەحەر بێنیتە گـریان‌و قسە، سیحری پـەری نـەغمە!...
بـرای دەروێش! ئـەزانـم بـۆ مـەعیشەت وێڵ و ئـاوارەی
بـە زەهـری نـاعیلاجیتە لە نـاکـەس ویسـتنی لوقـمە
بـە مـردنتە کـە گـوێی نـاشی ئـەخنکێنـێ خرۆشی نـەی!

Dr.Saleh Ebrahimi



بەڵام چی بکەین لەناو چاوی رەشی بەعزێ زەکای گەوھ
وەکو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی رەق ئەڕوێن
ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکومی ئەم دەورە
نەکردایە، خوا عالم لەکام عەرشت ئەسوو داوێن؟!
نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی
صیرف بەرزیی ذەکا ئەم سنعەتەی فێرکرد بە شمشاڵت
هەموو وەزنێکی گۆرانی لە تولانی هەتاکورتی
بەسەر پەنجەی هونەرکردت بە دیلی کۆششی زاڵت
ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی رۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵلا
دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی ماتو چۆڵم کە
لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە رۆحم ئاشنای، وەڵلا
دە ئەی دەروێش سکالایەک لەگەڵ رۆحی کلۆڵم کە

**دەروێش عەبدوڵلا شمشاڵ ژەنێکی بەهرەدار بوو، زۆرتر لە هەورامان ئەژیاو لە حودودی ١٩٥٥ی زایینی لە دایک بووە.** (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# چەن نوکتەی وردی مروڤانی کوردی

خووئاکاری کوشت وکوشتار کە جاروبار، دەدرێتە پاڵ هۆزەواری، لەخوی هۆزەواری بەدورە، رەگ وریشەی ئەوە، لەخوو ئاکاروکرداری ئەقوامی هێرشکارەوە سەرچاوەی گرتووەو دەگرێ، رەخنەگران دەشێ بپرسن ئەی بۆچی هەندێ لەجێ نشینانی **کەریمخانی زەند،** وەک قاجاریان، لە رامیاری و سیاسەت و پیاوەتیدا، بەرێبازی ئەوا نەرۆیشتن؟ دەبێ لەوە لامدابلێین: کەریمخانی زەندلە سەرەتای ژیانیداله نێوئاووهەوای، پەروەردە کردن و فەرهەنگی بێخەوشی خەڵکی ساف و سادەی هۆزی زەندوکوردی ئێرانی پەروەردەببوو، بەڵام جێ نشینانی ئەو لەهەوای سیاسی حوکومەتی داپەروەردەببوون و دیارە ئەوەئەوانی ئالودە بە فەرهەنگی نائێرانی کردبوو. (سەرچاوە: ئەمنیەی پاکرەوان ئاغامحەممەدخانی قاجار تەرجەمەی جیهانگیر ئەفکاری حوکومەت، سیاسەت و عەشایر، لە قاجارەوە تائێستا، عەزیزکیاوەند (رەخش خورشید) بلاّفۆکی عەشایەری چاپی یەکەم ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی پەرەی ٥٣ تا ٢٩.

بۆزانین: مێژودەڵێ: **ئەمیرکە بیرئە وسەرداره دادگەرەگەورەی ئێرانی یەکوردە.** هەروەک ئاوسە ردارلە تاران و چوارڕێی عەزیز خان لەتاران بە ناوی عەزیزخانی سەرداری سەردەشت و بۆکانە، هەروەک نادر شای هەو شار لەهۆزی قەراخلوی بەرەگەزکوردە – قەراخ کوردیيە و بەواتای کە نارە، سەرچاوە، پە راوێزی ناسرخانی ئازادپور لەسەر مێژوی ئەردەڵانی مەستورە خانم و میرزا عەبدوڵلای مونشی باشی کە هۆزی قەراخلو چەند هۆزی دیکەی کورد، لەرۆژگاری سەفەوی و بەرلە سەفەویانیش کوچ دراونە تە باکووروباکوری خۆر هەڵاتی کەناری وڵاتی خوراسان، مێژوی ئەردەڵان پەرەی ١٢٢ چاپی ٨١و ٢٠٠٢ بلاّفۆکی تازە نیگاه – لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و وەرگێرانی عەبدو رەحمان شەرەفکەندی هەژار، مەحەقیق و شاعێرو نوسەرو موتەرجیمی ناوداری کورد.

**کورد دەڵێ: نان ئەونانە ئەورۆڵە خوانە، بەڵام مێژوو، دڵ خۆشکەرە.**

Dr.Saleh Ebrahimi



رۆژێ لەنێو کومکارێ، لەخوێندەواران و زانایان لە تاران دانیشتبووم، پرسیارم کرد: دوشوێن لەلای کەرەج بەنێوی کە لاک هەیە، بەچواتایە کە؟ نە یانزانی کە بەواتای لاشەو کەلاکی ئاژاڵی مردارەوە بووە. وتم: هەراز کە نێزیک بەتارانە، یانی چی، نە یانزانی کە بەواتای هەورازە. وتم: ئەی پلور، کە هەرلەو هەورازەدایە، نەیان زانی، کە بە واتای کەندو یاشارە هەنگە یا شارەمیش هەنگوینە، دیارە کاتێ هەنگ‌مێش هەنگوین پورە و شڵخەی داوە و پەریوە بووە و چوتەنێو، قەڵەشت و رەهێلە وکونی تاشەبەردی ئەوچیاوکیوە و هەنگوینی تێداسازداوە، کە بەکوردی پێیان‌و تووە، پلورە یانی کەندوی مێش هەنگوین.

هەرواپرسیارم کردئەرێ! هەرلە ولایە ولەولای ترەوە شوێنێ هەیە، پێ دەڵێن: ئاب یا ئاوئاسک، یانی چی، نەیانزانی ئاسک یانی «ئاهو» کە لەکوردی دا، ئاسک، ئاسکۆڵ، مامزوکارمامزیش هەیە - هە روابەدەم پرسیارە وە پرسیم: ئەی لە تاران شوێنێ هەیە، بەنێو: «مەیدانی وەنەک» یانی چی، نە یانزانی (وەنک) وەن - دارە بەن یانی درەختچەی وەن کەچ «چە» لەکوردی دابوتە (ک) وتم: ئەی (ئەوین دەرەکە-کا) شێوە لێکە، لای تاران یانی چی، نە یانزانی (ئەوین) چی‌یە و دەرەکا، یانی چی، وتم ئێستاهەرلە تاران چەندین کچ وکیژی کوردی بەئەوین نێونراون و نێویان، (ئەوین)ە - وتم: ئەی پارکی لالە، کەلە بەرابە (جەلالیە) نێودە برا، یانی چی، نە یانزانی یادگاری هۆزی (جەلالی) کوردە. وتم: ئەی (زەعفەرانیە) لە تاران یانی چی، نە یانزانی یادگاری هۆزی زەعفەرانلو-ی کوردە، وتم: براکانم بزانن کورد دەڵێ: ئاو، سێو، لێو، شەو، نان - فارسیش دەڵێ: آب، سیب، لب، شب، نان و... ئەگەر جوان بەو ردی سەرنج بدەین زۆرلێک نێزیکین و خزم وکەسی‌یەکین‌ویەک خوێن‌ویەکین وەلە رەگەزی ئاری و ئاریایی و ئێرانین کە وابێ حەق نییەلانی کەم ئێوەی خوێندەوارورناک بیری ئێرانی بەچاوی ناخودی بڕواننە، نەتەوەی کوردی مادو ماننا، رەگەزو پاک‌نێژاد، بۆبە ئێمە دەڵێن: جیایی خواز، ئێمە خاکی پاکی ئێران وکوردستان لەقوچانەوە چلۆن؟ هەڵگرین وبیگرین بە کوڵەوەوبیبەین بوناکوردو نائێرانی، لام وایەئێستا، کە ماوەی ٢٥ ساڵە

Dr.Saleh Ebrahimi



کۆماری ئیسلامی لەئێراندا دامەزراوەوبەردەوامە، بەچاوێ دیکە بڕواننە خوشک وبرا هاورەگەزەکانی نەتەوەی کورد و قانونی شوراوراویژوقیست و عەدلی ئیسلامی لەبارەی کوردانەوە بە ڕێوەببرێ تاکوردیش بەمافی رەوای خۆی بگاوخۆی بەبرابەشی ئێرانیان بزانێ و پەیامی مێژویی ئیمام خومەینی دامە زرینەری کۆماری ئیسلامی ئێران کە فەرمویەتی: [... اسلامی بزرگ تمام تبعیض‌ها را محکوم نموده و برای هیچ گروهی ویژگی خاصی قرار نداده و تقوا و تعهد به اسلام تنها کرامت انسانهاست. و در پناه اسلام و جمهوری اسلامی حق اداره‌ی امور داخلی و محلی و رفع هرگونه تبعیض فرهنگی و اقتصادی و سیاسی متعلق به تمام قشرها است منجمله برادران کرد... روزنامه کیهان ٢٧ /٨/ ١٣٨٥ خورشیدی و صحیفەی نور.] پیادە بکرێ و ببرێ بەڕێوە و هەروائەسڵی ١٥ی قانونی ئەساسی و ئەسلی ١٩ ببرێ بەڕێوە - ئیمە ئەو پەیامەی ئیمام خمینی مانلەگۆڤاری گرشەی کوردستان لە چاپ داوبە زمانی کوردی بلاوکرایەوە، دەقی ئەوپەیامەمان بلاوکردەوە و هەرواداوای بەرێوە بردنی ئەوپەیامە و بەرێوەبردنی ئەسڵی ١٥ و ئەسلی ١٩ و... ی قانونی ئەساسی ئێرانمان کردبوو. بڕواننە گۆڤاری گرشەی کوردستان

ژمارەی ١ و ژمارەی ٢ و ژومارەی ٧ و ژومارەی ٩ی گرشەی کوردستان و هەروا بڕواننە کتێبی: کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی چاپی‌یەکەم چاپخانەی جەواهیری تاران و چاپی دوەم ١٥ /١١ /١٣٧٩ی هەتاوی چاپی ئەندێشەی تاران. پەرەی ١١٦. ئێستاش دوپاتی دەکەمەوە و هیوادارم ئەوپەیامە مێژویی یەی ئیمام خومەینی و ئەسڵی ١٥ و ئەسڵی ١٩ و... ی قانونی ئەساسی ئێران هەرچی زووترە ببرێ بەڕێوە تا خوشک و براکوردەکانیش بەمافی‌رەوای قانونی و شەرعی خۆیان بگەن. ئەم و تارە لە پەڕەی بیرو ئەندێشە، لە سیروان ژمارەی ٢٧٨ ساڵی ٧ رۆژی ٢٣ جۆزەردانی ١٣٨٣ هەتاوی، چاپ کراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# بلیمەتەکانی کوردەواری

یەکەم کەس کەخەتی بۆنابینایان داهێناوە کورد بوو. زەینە دین نامێدی کورد، شەش سەد (٦٠٠) ساڵ بەرلە لوی برای یا لویس برایل-ی Iouis Braille فەرانسەوی خەتی بۆ نابینایان داهێناوە، عەلی کوری ئەحمەد، کوری یوسف، کوری خدر، ئامێدی دیار بەکری کورد. یەکەم کەسە کە خەتی بۆنابینایان داهێناوە، دەڵێن: لەنامێدەوە چوتە بەغاو هەر لەوێش وەفاتی کردووە، ئەو داهێنەرە، کوردە، یەکێ لە زانایانی حەنبەلیەو لە «فقە»دا پرزاناو کارچاك و ئاکار جوان و پیاوێ راست و دروست و بە سام و بە هەیبەت و لایگش کەسێ رێزدارو بەقدرو حورمەت بووە. هەرچەند نابیناش بووە، مرۆیێ پرهۆش، زیرەك، عەجیب و لێهاتو بووە، جگەلە زمانی زگماکی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، مۆغۆلی و زمانی رومێشی زانیوە، لەواتای خەو لێکدانەوەدا وردو زانا بووە، باوەکو بە منالی توشی نابینایی بووە، بەدەس رەنجی خۆی بەرێچووە و کتێب فرۆشی کردوتە پیشەی خۆی، جابۆ ئەوەی کتێبەکان باش بناسێ و قیمەتیان بزانێ، جاهەر کتێبێکی کڕیبا، تیکە کاغەزێکی بەوێنەی حەرفی: «پیتی» لەئەلف و بێ‌سازدەدا، ئەو کاغەزەی لە پشت کتێبەکە دەداو کاغەزێکی تری بە سەریدادە چەسپاند، بۆئەوەی باش رای بگرێ. جاهەرکاتێ دەسی بەسەرا دێنا نەوعی کتێب و قیمەتەکەی بۆ ناشکرادە بوو.

ئابە مجۆرە ئەو کوردە، بەیەکەم کەس لە جیهاندا دەناسرێ کە حوروفی بارێزە، بەرجەستەو زەقی داهێناوە، یانی خەتی لەوێنەی خەتێ کە ئەمرۆ پێی دەڵێن: خەتی بریل کە تایبەت بە نابینایانە، دایهێناوە ئەم کوردە چەند کتێبی دیکەیشی داناوە، بۆوێنە کتێبی (جواهیرالتبصیر فی علم‌التعبیر)ی داناوە. خەیرە دین زەرەکلی نووسیویەتی: زەینەدین ئامێدی کورد لە ٧١٤ی مانگی و ١٣١٤ زایینی مردوە و عومەرزەراکە حاڵەو دیی خودایش لایان وایە لە ٧١٠ و ١٣١٠ وەفاتی کردوە، بەڵام لویبرای یا لویس برایل Louis Braille فەرانسەوی لە ١٨٠٩ ـ ١٨٥٢ زایینی، لە دایک بووە و وەفاتی

Dr.Saleh Ebrahimi



کردوە: یانی ئەم لویس برایله حودودی ۱۸۵۰ زایینی یانی شەش سەد ساڵ دوای زەینەدین ئامێدی کورد، خەتی بریلی داهێناوەو ئەمیش لەتەمەنی ۳ ساڵییەوە نابینا بووە.

سەید حوسێن کوردی یوسف کوری عەلی خەلاتی لە زانستی ریازی و هەیئەت هەر شەپۆلی داوەو لە جزیر وبۆتان-ی کوردستان قازی بۆوەو بەو زانستە سەیرانەی وەک (جەفرو ئەوفاق) و پیتزانی، پەی بەوە بردوە کە بولە رزەو عەرد هەژان پەیدا دەبێ. بە خەڵکە کە دەڵێ:گشت مەرومالات و وڵستات و ئاژەڵەکانتان لە هوڵ،گەوەروگەلەخان و تەویلە بکەنە دەرێ و خۆشتان لە نێو خانوبەرەدا مەمیننەوە. ئەو زانا کوردە، بەو زانینە خەڵکەکەی، لە مردن و تیاچون رزگار کردوەو نە یهێشتوە، وەک شاری بەم و ئەوان لە بن خاک و خۆڵ و دارو پەردودا، قەتیس بن و بە بولەرزە بمرن و تیابچن هەروا پەی بەوە بردووە کە مەغول هێرش دەکاتە سەر ئێران و توران و شاری خەلات و بدلیس، بەرلەوەی مەغول بیگاتێ، بەخۆی و دوانزە هەزار ماڵی خزم و دۆست و پەیرەوانی، نیشتمانی بە جیی هێشتووە و چوونە تەمیسر، وە تاماوەیێ بەرلەمرۆ،گەرەکێک لە میسردا هەبوو کە بەتاخی ئەخلاتیان ناودار بوو. بە فەرمودەی سەعدی

[سعدیا حب وطن گرچه حدیثی است صحیح/نتوان مرد به ذلت که من اینجا زادم]

مرۆ جاری وایە، بە ناچاری لە نیشتمانی خۆشەویستی خۆی ئاوارە دەبێ.

نوکتە: لە رۆژگاری نەوشیرەواندا (جاماسبی) مامی شاری خەلات و ئەودەوەرەی بە خەلات داوە بەرابەرێکی ئایینی زەردەشت، جاهەر لەمەوە (ئەوشارو هەرێمە) بەخەلات ناوی دەرکردوە، خەلات واژەیەکی کوردییە. خەلات: دیاری گەورە پیاوان، خەلات: بەخشراو، لە لایەن کەسێکەوە پێشکەش کراو، خەلات و بەرات، هەر چەندە لە مێژودا [خلاط، اخلاط، خالدی: کوردی، کورتی، کوردیای بە یەک زانراون و خالدی هۆزێکە لای کرماشان» اسناد و ماخذ عمده مقدمەی کتاب شەرەفنامە ئەمیر شەرەفخان بدلیسی بەزمانی فارسی پەرەی ۱۸ چاپی ۱۳۴۳ی هەتاوی تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەلام عەرەب بردویانەتە سەر زاری خۆیان ولە کوردانیان گۆریوەو بە ئیخلات «اخلاط» خوێندویانەتەوە، لێرەش لە باتی (کانی سپی) دەیکەنە (چشمه سفید) و (کوچک چەرمو) دەکەنە (سنگ سفید)، کە تەلەفوزە کانی لەزاری کوردیدا زۆر ناخۆشەو رەوان ناکرێ.

کوڕی موستەوفی ئەحمەد بن موبارەک شەرەفەدین ئەبوو بەرەکات هەولێری لە ٦٣٧ لە دایک بووە و دوای ٧٣ ساڵ ژیانی لە موسڵ وەفاتی کردوە و لە فەن و فنون و هونەری موحاسەبات و مەسئەلەی دیوانی عیلمی ریازی‌دا بێوێنە بووەو لە هەولێر پلەی ئیستیفای پێدراوەو لەویژاوەری، نەحو، لوغەت، عەروز، قافیە وزانینی بەیان، شێعر و شاعیری، ئەخبار و مێژو، ئەمسالی عەرەبی و فەرمودە، ناوی ریجال، وەک دەریاوا بووەو ماڵەکەی زیارەتگە و زانینگەی زانینخوازان بووە. یا نەجمەدین ئەییوب لە زانینی ریازی، هەیئەت، ئەستێرە ناسی پرزانا بووە و موحاسب و لە دەرباری مەلیک سالح [ ٦٣٩ـ٦٤٧] بن مەلیک کامل، ئەستیرە ناس و ژمارەنوسی ئەو بووەو خەلکی خەلاتە. یا جەزەری «بدیع الزمان اسماعیل» هونەروەرکە کتێبی (معرفه الحیل الهندسیه) لە ١٢٠٥ بۆ مەحمود ئەرتەقی لە ئامێد داناوەو زانینی ساعەتسازی تێدا بەکار بردوە، «ئەلمونجید فی‌الاعلام» پەڕەی ٢١٣ چاپی ٢٠ حوزەیرانی ١٩٨٢ زایینی بێروت، لوبنان. یا عەللامەی ناودار کوڕی ئادەم کەلە ١١٦٠ی مانگی لەدێ روستی باڵەکی کوردستان لەعیلمی ریازی، هەندەسە و هەیئەت پرزانا بۆوە و لەسەر (رسالة الحساب، اشکال التأسیّس، لەسەر ربع‌المجیب، لەسەر زیج: جەدوەلی ئەستێرە ناسی) شەرحی داناوە وکتێبی (مفتاح التنجیم فی شرح التقویم) وکتێبی (تشریح السیارات فی‌الفلک) و (شەرحی لە چەغمینی قازی‌زادە لە فەلەکیات‌دا نوسیوە و زیاتر لە ٢٥ کتێبی بەنرخی داناوە، یادی مەردان پەڕەی ١٧ و ٢٢ چاپی - ١٩٨٣٤ زایینی - عەللامە ئیمام شافعی رۆژگار حەزرەتی مەلا کەریم مودەرێس، یا عەللامە مەلا یەحیا عیمادی لە ١٢٥٤ی

Dr.Saleh Ebrahimi



مانگی وەفاتی کردوە. لە زانستی ریازی، فەلەکیات، زانینی عەقلّی و نەقلّی و حیکمەت و فەلسەفە و کەلاّم هەر شەپۆلی داوەو زنجیرەی ئیجازەی مەلا و فەقێیان لەم دوایانەی کوردستان، دەگاتەوە ئەم زاتە. یا بەدرەدین محەممەد، بن ئەحمەد ناودار بە [سبط ماردینی]کە لە زانستی ریازی، ئەستێرە ناسی و فەلەکیاتدا پڕعیلم بووە و لە ۸۲۶ی مانگی لە دایک بووەو چوّتە دیمەشق و لە هەندەسە، هەیئەت و ریازیو (مقنطرات و جیوب قوس)ەکان‌دا، تەئلیفی هەیەو ۲ کتێبی (تحفه‌الالباب فی علم الحساب و الجواهر فی تجدیدا لخطوط والدوائر)ی داناوەو لە ۱۲۹۹ی مانگی لە میسر لە چاپ دراون‌و لە جەبر و هوقابەلەدا، نوسراوی هەیەو لە زانکوّی ئەزهەری قاهیرە دەرس بێژ بوە و لە ۹۱۲ لەوێ وەفاتی کردوە.

ئەبوو حەنیفە دینەوەری کتێبی زیج و کتێبی جەبر و موقابەلەی داناوەو لەگیاناسی‌و **عیلمی شیمیداکەشفیاتێکی هەیەو نە سەبنامەی کوردی** نوسیوە، ئەستێرە ناس، ئەندازیار، مێژوزان و نابیغەی روّژگاری خوّی بووە و حیکمەتی فەلاسیفەو بە یانی عەرەبی، کوّکردوّتەوەو لێکدیداون‌و تەفسیری قورئانیشی لە ۱۳ بەرگدا نوسیوە و گیاناسیّ زوّر بەبیر بووە وە بەدەیان ریازی زان و گیاناسی دیکە. جاهەرلە بەر ئەوەیە دوکتور **گوّستاولوّبوّن فەرانسەوی** رای گە یاندووە: [زانایانی ئیسلام لە زانین و عیلمی **شیمی‌دا گرێنگترین بنەرەتی شیمی «تقطیر»**ە کە ئەگەر ئەو کەرەستانەی ئەزمونی **لابراتواری موسولّمانان «کەسانیوەک دینەوەری و عەلاّمە «عبدالسلام» گیاناس و شیمیدان و ریازی زان و سەروّکی قاهیرەی میسر» ـ نەبوایێ «لاوازی‌یە»** لە کەشفیاتی تازەی خوّیاندا سەرنەدەکەوتن. زانایانی ئیسلام لە ریازی، عیلمی جەبر، جوگرافیا، فیزیک، مەکانیکی و مەعلوماتی عەمەلی لە **بەرکاربردنی (رقاص) لە ساعەت: (دەم ژمێر)** یان داهێناوەو کارگەلێ پڕگرینگ و لەبەر چاویان ئەنجام داوەو لەم باروبابەتانەوە. **زانایانی ئیسلام حەق و مافی گرینگ‌وگەورەیان لەسەر ئوروپائیان هەیە**، کتێبی (تمدن اسلام و عەرەب

Dr.Saleh Ebrahimi



چـاپی ١٣٤٧ ئـیسلامیەی تـاران تـەرجـەمەی فـارسی سـەید هـاشم حـوسینی). گۆستاولۆبۆن بەو قسانە شایەدیی گـەورەی بۆ خـزمەتی زانـایانی ئـیسلامی بـەعلیم و فەرهەنگی مرۆڤانی داوە، کـە **نەتەوەی کوردیش خزمەتی عیلمی و فـەرهەنگی** خۆی باش **نیشان داوەو رازی بـە قـاومانەوەی کـورد**، کـە لە نێـو سـوبە و کـورەی **گرداری داگیرکەران ماوەو نەتاواوەتەوە، هەرلە مەدایە**، کە لە خزمەت کردن بە عیلم و زانین‌دا بووەو لە سەرەتای دەورەی (ماد)ەوە لە ئێراندا تا ئەم سەردەمە، نەتەوەی کورد زیاتر لە چاردە سەدەیە لەگەڵ دین باوەڕی و خزمەت کردن بە عیلمە، عیلمیش نوورە، فارابی ئەو زانا ئێرانییە لە رەسولی ئەکرەمەوە نەقڵی کردوە کە پێغەمبەر فـەرمویەتی: (العلم نوریقذقه الله فی قلب من یشاء). **کوردیش لە رێگای عیلم و زانستەوە خۆیی پاراستووە و بەرەوانی و بەرگیری لە خۆی کردوە.** لە ئەردەشیری بابەکانەوە بیگرە تا دەگاتە بەدرخان پاشا،یەزدانشیر، مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلاّی نەهری شاهی شەمزین،اغەوسی سانی شیخ عەبدوالقادر نەهری شەمزینی، شیخ سەعید پیران، ژەنرال ئـیحسان نـوری پـاشا، شێخ «عبدالسلام بارزانـی»، شێـخ ئـەحمەد بـارزانـی، «سـلطان العـرفا»، حـاج سـەیید عەبدوالڵاگەیلانی زادە، ژەنرال مستەفا بارزانی، پێشەوا قازی محەممەد سمکۆی مەزن و مەلیک مەحمود، بەرزنجی حەفیدو نەمر. **کـوردو نـەتەوەی کـوردو مـاد لە راست دیسپۆتیسم رەق** راوەستن و لە هێرشی ملهوڕان و دەس درێژکاران مەردانە و شێـرانـە، بەرگیری و بەرەوانی لە خۆیان بکەن و بەرپە رچیان بدەنەوە. دیارە، بـەلاچوونی [بـو مدیەن لە ئەلجەزیرە کە نەجاسەتی خۆی دەخوارد تا مرد، وە دەرکردنی شا لە ئێران بە ئەڵڵاهو ئەکبەرو، تف و لەعنەت، وە هێنانە دەریێ سەددام ئەفلەقی لە کۆن، وەک ریوی کە ١٠ ساڵیش هەر وەک سەگی زنجیری زنجیری کرابو و ئاخریش پەتیان لەملی ئالاّند و خنکاندیان] دەروازەی ئازادی بۆ نەتەوەی کراوەتەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# سەڵماس (زاروەند) ئاوینەی مێژو

لە باکوری خۆراوای ئێران، بەشی کوردستانی باکوری شارێک کە داگری بەشەکانی کوێستانی ورشتەکانی پڕبەرهەمدا، هەڵکەوتووە بەشاری سەڵماس ناودارە و لە چەمی زولاچای ئاوی خواردنەوەی بۆدەچێ کە ئەو شارە؛ مێژویەکی دورودرێژی هەیەو شایەدی شوێنەواری کەونارایە، لە رۆژگارێ زۆر کۆنەوە، دیارە جێی حەوانەوەی مرۆ بووە، شاری سەڵماس ، بەقسەی مێژو زانان لە رۆژگاری (سەلماسار-ی سێوەم) لە پاشاکانی ئاشور لە هەزارەی سێوەمی بەرلە زایین، سازدراوە و بەنێوی قەڵاو دژێ بۆخۆ پاراستن لە هێرشی هۆزەکانی نێزیک حوکومەتی بابیل‌ساز دراوە و بەگەڕانی گەردونی گەردان بۆتەشار و بۆئاسان بەزمان و زاراهاتن و ئاسان گۆکردن، (سەلماسار) بۆتە (سەڵماس) و ئەو ناوە بڕاوە بەسەر ئەو شاروهەرێمەدا.

سەڵماس بەرلە ژیار و تەمەدونی ئاشوریش لەهەرێمە، پرشارستانی و ئاوەدان و خودان ژیاری گۆی زەوی بووە و ئاسەوارێ کەلەوێ بە دەس هاتووە؛ دەگەرێتەوە بۆهەزارەی بەرلە دایک بوونی عیسامسیح.

ئەلمیقدەسی لە سەفەرنامەی خۆیدا، تاریفی بازارومزگەوتی بە بەردچنی ئەوێ دەکاو یاقوتی حەمەوی سەڵماس بەشارێ وێرانە و تێک رمیاو ناودە باو حەمدوڵلا موستەوفی نوسیویەتی کە بارۆ و سەر دیوارەکانی سەڵماس لەدەوازەی غازان خاندا پینەوپەرۆکراون و لە کتێبی نەهزە تولقوب دانوسراوە، سەڵماس لە ئیقلیمی چوارەمە و درێژایەکەی لە جە زایری خالدات «خەتی‌یەد» و بەرینایەکەیشی لە خەتی ئوستوا «کزم» شارێ گەورەیە و بارۆوسەر دیوارەکانی داروخاون، وەزیر خواجە تاجەدین عەلیشای تەورێزی، ئەوێ ئاوەدان کردوەتەوە، دەورەکەی هەشتهەزار هەنگاوە و هەواکەی ساردەو ئاوەکەیشی لە «ئەودییە»ی چیاکانی کوردستان سەر چاوەی گرتووە و دەرژێتە دەریاچەی چی چست دەریاچەی ورمێ. لە سەدەی چوارەمی کۆچی مانگیدا، گشت **دانیشتوانی سەڵماس کورد بون** و لە ساڵی ١٩٠٠ی زایینیدا، دارای ١٠٨ ئاوەدانی

Dr.Saleh Ebrahimi



بووەو لانی کەم پەنجا هەزار کەس لەو ناوەدا ژیاون، هەندێ لەو ئاوەدانیانە،دیێ مەسیحی یان هەبووە، سەڵماس. لە رابوردوی زۆرکۆنەوە، بەشێ لەئەرمەنستان بووە و لە رۆژگاری ئیمپەراتوری **مادو هەخا مەنشیانەوەبە (زاروەند)** ناو براوە. لە نێزیک شاری سەڵماسی ئێستا، لەبان تەپۆڵکێ بەناوی (زنجیر قەلا). ئاسەوارو خانویەک بەهوێ (کەپرتێر) دوز راوەتەوە، کە دارای حەججاری و بەردە هەڵکە نراو، کەدا تاشراوی رۆژگاری ساسانی یە، لەم بەردە هەڵکە نراوو داتاشراوانەدا، کەلە نێو خەڵکی ئەو دەوەرەدا بە (ئوزدانی) ناودارە، **وێنەی ئەردەشێر و شاپوری ساسانی**. لە حالێکدا کە حوکمدارانی ئەرمەنستان لەبەرسم و پێی ئەسپە کانیاندا، چوکیان داداوە، لەبەرد هەڵکە نراون و نیشان دراون، جاهەرلە بەرئەمە، هەندێ لێکۆڵە ران،گرتنی سەڵماس ولکاندی ئەوە بە ئێران لەبەشی **کوردستانەوە، بەکاری ئەردەشیر یا بەکاری شاپوری ساسانی،** دەزانن، بێجگەلەو بەردە هەڵکە نراوانە، لەلای (گورچین قەلا)یش، ئاسەوارێ کەو نارای جێگای سەرنج هەیە لە نێزیکی **ئاوەدانی (تازەشار)**یش (بورجێکی خشتی) هەیە کە دەڵێن: هی (میر، خاتون: کیژی ئەرغوناغا) یە کە (کەتیبە یە کی مێژوداری) هەیە، گوندی (حەوتەوانەی) سەڵماس لە کۆنەوە ناوەندی خەلیفەگەری ئەرمەنیە کانی ئەوناوە ناوە بووە. بە وردبونەوەو سەرنجدان بە ئاسەوار ناسی «گولتە پە» بە دوزینەوەی یە کێ لە کۆنترین شوینەواری نیشتە جێی بونی کۆڕو کومەڵگای بەرەی مرۆ، زانراوە و دانریاوە. لە بابەت کەشف و لەجیهاندا دوزینەوەی، ئەم شوێنەوارە پرنرخە، ئەبێ بڵێین: کەئەم ئاسەوارو گوندانە، دەگەرێتەوە بۆهەزارەی حەوتەمی بەرلەزایین، زەرەرو کرێندراوێک کەبە (پەردە کانی ئاوسیدنی) ماک و دایکە، لەوژێنگەداگەیشتون، نیشانەی ئەوەن کە ئەو ئاوەدانیە، پێشکەوتووە، لەو رۆژگارەدا، ناوەندی گرینگترین بەرهەم هێنانی کەرستەی ئاوسیدنی و ئاوداری وەک چەقو، شیرو کەرەستەی بڕندە بووە، لەو ناوچەی بەشی دەریاچەی ورمێدا، شتانی هەروەکو دەسکردی بەردین، دەوری قوول،گاسنی زەوی کێلان، کەرستەی دابین کردنی خواردەمەنی، جوت و گاو کشت و کاڵ لەو مەڵبەندەدا، هەروەها کاسە و کۆزەو دیزەی نەخشاوی خوڵە مێشی، مایل بەرەشی و

Dr.Saleh Ebrahimi



سەردوکی سواڵەتی، دۆزراونە تەوەو کۆیش کراونە تەوە کە سواڵە تەکانیان لە جۆری سواڵەتی نەخجەوانە کە پێوەندی بە دەورەی برێنزی قەدیم لەدوهەزار و نۆسەدساڵ بەرلە زایینن، هەیەو لە توێژاڵ توێژاڵی نێو توێژاڵی لای سەروی ئەو تەپۆڵکەیە، نیشانێ لە نیشتەجێ بونی سێ دەورەی ئاداب و رسوم و فەرهەنگی پێوەندیدار بە هەزارەکانی شەشەم، پێنجەم و چوارەمی بەرلە زایین، دێنە بەرچاو، کە بەتەرتیپ هاو دەم و هاوچاخە لەگەڵ تەمەدونی حاج فیروز و داڵماله هەرێمی سندوسی نەغدە و رۆژگاری برینزی قەدیم،لە کۆماری نەخجەواندا، لەم سەردە مەشدا لەسەر هچیە کە، لە توێژاڵی فەرهەنگی ئەو تەپۆڵکەیە کە دارای نرخگەلێ تاریخی فراوانە، توێژینەوە یەکی عیلمی، ئەوتۆ ئەنجام نەدراوە و ئاگاداری پێوەندی دار بە هەردو، دەورەفرەکەمە،قەدیمی ترین جێگای نیشتەچی بونێ کەنیشانەگەلی یەک گوندی دایمی کە لە جیهاندا ناسراوە. لەنێو دوروان (بەینە نەهرین)ی عراق دابووە، کە تایبەتمە ندیەیەکانی فەرهەنگی. ئەوێ لە «گولتەپە»ی سەڵماس دواترە. لەم تەپۆڵکەدا لاشەگەڵی زەلام وگەورە لەبەردی ئاوسیدنی تاوەزنی پێنج کیلوگرەم کەشف و دۆز راونەتەوە، هۆی جەنگی شاهەباسی صەفەوی کورد، لەگەڵ تورکە عوسمانیەکاندا زیاتر لەبەر سەڵماس بووە. تاریخ شایەدە کە جەنگەکانی روسی تەزاری، تورکی عوسمانلی و پەرێشانیەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم زەرەروزیانێ قورسی بە سەڵماس گەیاندوە، ئاغامحەمەد خانی قاجار دوایگرتنی ئەرمەنستان لە بەرواری ٢٨ رەجەب، بۆوچان و پشودان چوتە سەڵماس و بوماوە یەک لەوێ ماوە تەوە.

فرەترین و ئارامی و ئاوەدانی سەلماس (زاروەند) شاهەباسی صەفەویدا بووە، چونکا شاهەباس بە سیاسەتی تایبەت ئەرمەنییەکانی لە سەڵماس وگوندەکانی ئەو دەوەرە نیشتە جیێ کردو دای مەزراندن و دژی و دوژمنی نێوانیشیانی لە نێو بردو تەنانەت کلیسای ناوداری (حەوتەوانان) بە دەستوری شاهەباس پینەوپەرۆکرا و درایە دەس ئەرمەنی یەکان. لەدەو رەی قاجاردا شاری سەڵماس لەبرە وکەوت و لەباتیان گوندی دیلمەقان لە نیزیک سەڵماس کەوتە بەرسەرنج و تارادەیەک ئاوەدان کرایەوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



کەبە داخەوە لە ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی بومەلە رزەو عەرزهەژانێ سەخت لەو مەڵبەندە روی‌دا کەلە سۆینگەی ئەو زەلزەلەوە، هەم شاری سەڵماس و هەم دیلمەقان وێـران و کاول بون و زیاتر لەچوار هەزار کەس لەنێو چون، **یەکەمین فێرگەکە** بـەشێـوەی نوێ بەهۆی باهۆی سەعیدخانی سەڵماس لەشاری سەڵماس ساز درا، سازدانی ئـەوفێـرگە، بووە·سەرەتا سازدان ودا مەززاندی فێرگە و فێرانکۆی دیکـە، لەسـەرانسـەری وڵات، حەیدەرخان عەمو ئوغلی. مرۆی ناسراوی بزاوی مەشروتە خـوازی و مـیرزائیبراهـیم خان ئەمین سوڵتان یەکەمین سەدر ئەعزەمی موزە فـەرەدین شـای قـاجار، خـەڵکـی سەڵماس بون، لەم کات و ساتانەدا. شاری سەڵماس دارای ٧ بەش و ١٥٠ گوندە، کە فرەبونو تەراکومی نیسبی جەمعییەتی ئەوێ ٣٠کەس لەهەرکیلۆمیتری چوارگۆشەیە، بنچینەی ئابوری شاری سەڵماس لەسەرکشت وکـاڵ و جـوت وگـاومەرومالاّت بـە خێوکردنە. دەس‌هات و بەرهەمی جوت وگای ئەوێ گەنم، جۆ، توتن، دانەگەلی رونی و چۆندەرە. مەرومالاّت داری نەخشێ فرەگرینگی لە ئابوری شاری سـەڵمـاسداهـەیە، ئێستاسەرەرای سـەنعەتی چـەرم سـازی سێ‌کـارخـانەی گـەورە، بـەناوی شـیرەمەنی: (لەبەنیات) لەوێ بەرهەم دێ و رەوانەی ناوە وەو دەرەوەی وڵات دەکـرێ. قـەیسی وشێلانـەی زۆروزەوەنـدی ئـەو شـارەلە کـارخـانەگـەلی بـەرگەسازی خـوسرەواوا، حەوتەوانە، سورە. خانکا و تازە شار، دەکرێتە بەرگە و هەموساڵێ بەرێ دەکـرێ بۆ وڵاتی ئەلمان و روسیە. هـەروە هـامەعدەنی بـەردە (مـەڕ مـەڕ) بـەردی مـوزائـیک (شورگوڵ) بەردە رەشە، گەچ و (تنکاڵ) بەدەس دێ، تنکاڵ مادەیەکە، لەزێرینگەری و حەڵەبی‌سازیدا بەنێوی مادەی جۆشکاری کەڵکی لێوە ردەگیر درێ و نێوە شیمیایەکەی (بە رات دوسدیم)ە. لە سەڵماس وگوندەکانی ئەوێ، دەسکێش، بەڕە، گۆرەوی چنین باوە و باری ئابوری فرەشی هەیە و ژنان لەوچینانە ئەنجامی‌دەدەن. بڕواننە و تاری وەحید مەرحەمەتی سەڵماسی، رۆژنامەی هاوشاری رۆژی سێ‌شـیمە خـەرمانانی ١٣٧٩ی هەتاوی و ٢٢ ئاگۆستی ٢٠٠٠ی زایینی ساڵی ٨ ژمارەی ٢١٩٩. وەرگێڕلە فارسی یەوە بۆ زمانی شیرنی کوردی دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# نۆگەنجی نادیار

بەسازدانی بەنداوێ لەئوستانی ئازربایجانی رۆژاوا زیاتر لە ۹گوندی ئەو ئوستانە، وندا دەبن، کارو کردەوەکانی سازدانی ئەو بەنداوانە، کە دارشتنی بەر نامەکانی بەرلە سالّی ۱۹۹۱ی زایینی یەوە دارێژراوەو دەگەرێتەوە بۆ بەرنامەی یەکەمی تەوسیعەو گەشەپێدان (پەرەدان) و بەوکارە گوندو ئاوەدانیی فراوان و ندادەبن و لەبن ئاو، نوقمدەبن، بەسازدانی بەنداو، لەبەرچەمی (زرلاچای). (ئاغاچای) (قازان چای) و (شارچای) **لەشاری سەلّماس و خۆێ و ورمێ،** گوندگەلێ فرە نوقمی بن ئاو دەبن. لەراست مەکانیزەبونی کشت و کالّو هاتنی تێکنۆلۆژی بۆسیستمی سوننەتی کشت و کالّ لەو هەریمەدا، پرسیارێک دینێتەگۆر و ئەویش ئەمەیەکەچ بەلایەک بەسەر، ساختاری کۆمەلایەتیو فەرهەنگی ئەوناوەناوەدا، دێو توشیچ مالّ وێرانیەک دێن و دێن، ئەبو، لێکۆلّینە وەی وردی خەلّک **ناسی بەرلە سازدانی بەنداوەکان ئەنجام بدرایی** تا روناک ببوایێ کە سازدانی ئاوەها، بەنداوگەلّی لەباری فەرهەنگی و کۆمەلایەتی باشە یاناباشە.

پێویستی لێکۆلّینە وەی خەلّک ناسی بەرلە لێبران. بەرێوە بردنی گەلالّەی جامیعی مەردم ناسی لەهەرێمێ کە دانیشتووەکانی لەترسی وەبن ئاوکەوتن لە بنئەو بەنداوانەدا، ناچار بەکۆچەلەکۆچ کردن نەبن، هەرچەندە دوای چەن سالّێ ئاوێ فرەیان دەبێ و کەلّکی لێوەردەگرن. بەلام لێکۆلّینەوە لەسەر ئەوانە، دوای لێبران بۆ سازدانی بەنداوەکان لەبەر چاو، نەگیردراوەو کارەکە لەروی زانست و دلّسۆزی یەوە، ئەنجام نەدراوە. محەمەد میرشوکرایی بەرپرسی بەشی توێژینەوەی مەردم ناسی مەکۆی میراتی کلتور و فەرهەنگی لەم بارەوە وتویەتی: تا چوارسالّی دیکە خەلّکی ئەوگوندانە، دەرە تانیان هەیە کە نەکەونە بنئاو. ئەمەش دەرەتانێ باشە بۆ ئەنجام دانی لێکۆلّینە وەیێ ورد ترودلّسۆزانەتر، **یەکێ** سەبت و زەبت و کۆکردنە وەی تەواوی باری کلتور و فەرهەنگی وکۆمە لایەتێ دانیشتوانی ئەو ئاوایو گوندانە. **دوەم لێکۆلّینەوە لەمەلّبەندو هەرێم گەلێ**

**كه‌ گوندنیشنان**، كۆچ ده‌دریته‌ ئه‌وێ. تا كه‌ مترین زه‌ره روزیان به‌و خه‌ڵكه‌ بگا، كه‌جیێ به‌جیێ ده‌ كرێن، دیاره‌ باشترین شێوه‌، ئه‌وه‌ بوكه‌ تویژینه‌وه‌ كه‌، به‌رله‌ ده‌س به‌ كاربون ئه‌نجام بدرایێ تائاشكرا بوایێ كه‌له‌ بنه‌ره‌ تا سازدانی ئاوه‌ها به‌نداوگه‌لی به‌له‌به‌ر چاوگرتنی فه‌رهه‌نگی و كۆمه‌ لایه‌تی باشه‌پا یازیاناوی‌یه‌.

**باری ئیستراتژیكی.**

كوردنشین بونی گونده‌ كانی باشوری ئوستانی ئازربایجانی رۆژاوا و حه‌ساسیه‌تێ كه‌ ئه‌و گوندانه‌ له‌ روانگای باری ئیستیراتژیكیان، له‌ پێوه‌ندی له‌ته‌ ك كورده‌ كانی باقی هه‌رێمه‌ كاندا، به‌ تایبه‌ت ئوستانی باشوری یانی ئه‌و پێوه‌ندی یه‌ی كه‌ له‌گه‌ڵ كورده‌ كانی ئوستانی كوردستاندا هه‌یانه‌. كه‌یه‌ كێ له‌هۆ گرینگه‌ كانی به‌رخودانی خه‌ڵكی ئه‌و گوندنیشینانه‌ن، له‌ راست جیێ به‌جیێ كردن و كۆچ پێ‌دانیان له‌نشتمانی باو باپیرانیان. **یه‌ كێ له‌ خه‌ڵكی گوندی (خرێ)** به‌ئیشاره‌ به‌م نوكته‌، به‌یه‌ كێ له‌وێته‌ هه‌ڵگره‌ كانی تویژه‌ر به‌زاراوه‌ی توندو تیژی كوردی، رای گه‌یاند، كه‌ ئایا ده‌وڵه‌ت ده‌توانێ ئه‌و هه‌موه‌ رابوردوه‌ی ئێمه‌ و ئه‌و هه‌موه‌ كلتور و ئاداب و روسوم و ئایین و سونه‌ تانه‌ی ئێمه‌ و ئه‌و گشته‌ كار و ئاكار و مه‌به‌ستانه‌ی كه‌ پێوه‌ندییان به‌م شوێنانه‌ و به‌م گوندانه‌وه‌ هه‌یه‌، ده‌توانن له‌جێگا یێ دیكه‌ بۆئێمه‌ی دابین بكه‌ن؟ ئه‌و لێكوڵه‌ره‌، رای گه‌یاندوه‌، كه‌ پێوه‌ندی هه‌رێمگه‌لی باشوری ئوستانی ئازربایجانی رۆژاوا له‌گه‌ڵ باقی نیشته‌ جێیانی كوردی باقی هه‌رێمه‌ كوردنشینه‌ كان بۆئه‌م كوردانه‌ی والێره‌ نشته‌جێن، پرگرینگ و حه‌یاتی‌یه‌. هیوادارین، ده‌وڵه‌ت له‌ كۆچ‌دانی خه‌ڵكی ئه‌وگونده‌ كوردنیشینانه‌، گشت ئه‌و كه‌ند و كۆسپانه‌ له‌به‌ر چاوبگرێ.

**وندا بونی گه‌نج** «دیوید رۆهیل» كه‌وناراناسی ئینگلیسی حودودی ساڵی ۱۹۹۸ی زاینی كتێبێكی له‌ له‌نده‌ن له‌ چاپ داوه‌، **به‌ ناوی «ئوستوره‌ی» په‌یدا بونی ته‌مه‌دون**، له‌ چاپ دانی ئه‌م كتێبه‌ بووه‌ هۆی ئه‌وه‌، زۆرێ له‌ كه‌و ناراناسان له‌ بابه‌ت تاریخی عه‌هدی عه‌تیق و ته‌نانه‌ت ناسینی و ناساندنی تاریخی، له‌ **رافه‌ و ته‌ فسیرگه‌لی خۆیان بیربكه‌نه‌وه‌و**

**دوباره چاوی پێدا بخشیننه‌وه تا ئاڵ وگۆڕێکی تێدا بده‌ن، رۆهێل له‌سه‌ر بنه‌ره تی‌ورد بونه‌وه ولێکۆڵینه‌وه‌کانی** خۆی و هه‌روه‌ها به به‌ڵگه هێنانه‌وه له‌سه‌ر بنه‌ره‌تی به‌ڵگه‌ی مه‌وجود، له‌ئینجیل عه‌هدی عه‌تیق (به‌شی ئافراندن) ورافه و ته‌فسیره‌کان و ده‌رخستنگه لێکه‌له روی ئه‌و ئاگاداریانه‌وه، ئه‌نجامی دابون، **ئه‌م فه‌رزه‌ی هێنابووه‌گۆڕکه باغی عه‌دن: (باغی به‌هه‌شت)** شوێنێکه، له باکوری رۆژاوای ئێراندایه: **(هه‌رێمێ)** له نێوان **ته‌وریزو ورمێ** دایه، ئه‌و، به‌م‌فه‌رزه ده‌ی سه‌لمینێ. که **په‌یدا بونی ژیارو ته‌مه‌دون له‌م نوخته و له‌م هه‌رێمه‌وه،** ده‌سی پێکراوه و به‌حه‌ره‌که‌ت کردن له‌نێو کیووچیاوچره‌کانی زاگروس (زوگورتی)دا **مێژوی ژیاروشارستانی به‌ره‌ی مرۆشکڵی گرتووه.** دوای ساڵێک «پیتر مارتین» لێکۆڵه‌رونوسه‌رێ دیکه‌ی ئینگلیسی، به‌و تارێکی وردو توێژه رانه‌و ته‌حقیقی که‌له رۆژنامه‌ی «ساندی تایمز»ه‌وه له‌و باروبابه‌ته‌ی سه‌ره‌وه له چاپی دابو، ئه‌وه‌ی به باشی له ئاخرین **ده‌سکه و تگه‌لی که‌و ناراناسان ئه‌ژمارده‌وه،** ته نانه‌ت ئه‌گه‌ر ئه‌و **هه‌رێمه‌کوردنیشینانه‌ش** به‌شێ له‌و هه‌رێمه یادکراوه‌نه‌یش نه‌بن، خزمی و نێزیکی ئه‌و گونده کوردنشینانه، ده‌توانن سه‌رنج وتێ روانینی زۆرێ له گه‌رۆکان ولێکۆڵه رانی ده‌ره‌وه بۆ لای‌ورد بونه‌وه له‌وگونده **کوردنشینانه به‌ره‌و لای خۆیان رابکیشێ.** لێکۆڵه رانێ که‌به دوای که‌شف و دۆزینه‌وه‌ی بێشکه ولانکی ژیارو شارستانین، و تارونوسراوه‌ی «رۆهیل و مارتین» تاگونده‌کانی بێ **به‌ش و مه‌حروم و هه‌ژارنشینی** ئازربایجان ده‌رۆن و به‌رسه‌رنجدان ولێکۆڵینه‌وه‌و دوپاره خوێندنه‌وه، ده‌که‌ون، مه‌به‌ست ئه‌وگوندنشینانه‌ن، که‌به‌رله مه‌کانیزه کردنی کشت و کاڵ **به‌یه‌ک گه‌رماو: (حه‌مام) یا یه‌ک فیرگه،** فره‌تر نیازیان هه‌یه‌و موحتاجن، بۆشایه‌دی ئه‌م نوسینه **گشت خه‌ڵکی گوندی: (خرێ)** و باقی گوندنشینه‌کانی دیکه‌ی جیرانیان به‌سه. راپورتی هه‌واڵی ئاسیه ئه‌مینی له‌رۆژنامه‌ی هاوشاری ساڵی ۱۳۷۹ی هه‌تاوی و ۲۰۰۰ی زاینی. (شه پۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



# ئاترۆپاتێن یا ئاتروپاتان:

لێکۆڵینەوە لە واژەی ئازربایجان (**ئاترۆپاتێن یا ئاترۆپاتان** ریشە ناسی ناوی شارو یادمانەکانی تاریخی و گوندەکانی یەک ولات و نیشتمان، لەراستیدا ئاگاداری یە کە، لە پەیدابون و ئاڵ و گۆڕو پێشگەوتنی ئەوانە لەمێژودا. **دیارە ناو لەسەردانان لەسەرشتێ یاشوێنێ یاکەسێ**، زۆرتر لەسەر بنەرەتی روداوی مێژویی یا دانەرانی ئەوانە بیچمدەگرن یا لەروی کاروکردەوەی تایبەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. وە یا لە ناوی میراتی سروشتی دەورو بەری ئەوانە وەردەگیردرێن، هەرچەن خانو بەرەو شارە تاریخی یەکان، دوای رابوردنی رۆژگار لەناوێ کە بۆیان دانرابووە، فاسیلەیان گرتووە و رێگای دورودێژیان لەسەرەتای شکڵ گرتنیانەوە بریوە، بەڵام هەرجۆر بێ ئێمە مانان یە تێفکرین لەو خانو بەرەو شاروگوندانە، ناگادار دەکاتەوەو رامان دەچڵەکێنێ کەلیان وردبینەوە، کەچلۆن سەریان هەڵداوەو پەیدابون. لەم نوسراوەدا کەدە یخوێننەوە، تێ کۆشراوە تا لەروی بەڵگەی تاریخی و زمان ناسیەوە، بگەینە بنج و بناوان. هەرچەندە ئەم ئویژینەوە تەواوترین و دوایی ترینی دەسکەوت نین لەم بابەتانەوە. جالەسەر بەڵگەنامە و نوسراوەکانی مێژوزانان و خۆرهەلات ناسان و جوغرافیازانانەوە، ئازربایجان بەدرێژایی دەورەگەلی تاریخی **ناوەندی حوکومەت کردنی هۆز و تایفەی جیاجیابووە**، ئاسەوارو ئەونیشانانەی والە رۆژگاری دورودرێژ بە یادگار ماونە تەوە، هەروەکوشارە وێرانەکان و تە پۆڵکە خوڵە مێشینەکان و قەڵا و بەردە نوسراویا هەڵکەندراوەکان، گڵکۆکان و هەزاران شوێن و واژەکانی کۆن وکەونارا، کەلە ئازربایجاندا هەیە، بەڵگەن لەسەر ئەم راستیە. حەسەن پیرنیا مێژوزانی ناوداری ئێرانی **(ماد)ی گچکەی بە ئازربایجان و بەشێ لەکوردستان داناوە.** زۆربەی مێژوزانان بە تایبەت **یۆنانی بە تێکرائەوە بە (ماد)ی گچکە**، دەناسن و بیرورایان لەوەدا، یەکە، کە لەشکر کێشی و بە دەسەوەگرتنی دنیالە لایەن ئیسکەندەری مەقدونی بەدوا، بە بۆنەی **ناوی فەرمانرەوای ئەم ئوستانە بەسەر**

Dr.Saleh Ebrahimi



**زەوی ئاترۆپات** یا ئاترۆپاتان، ئاتروپاتێن ناوی دەرکردوە.

محەمەد تەقی حەکیم لە کتێبی خۆیداکەبە (گەنج و دانیش) نوسیویەتی، دەڵێ دوای مردنی ئیسکەندەر، حوکومداری ئەوئوستانە، **بەناوی ئاترۆپات یەکەم کەسێکە**، کە ئاڵای ئازادی هەڵدا و بەرزی کردەوە و لەراست سپای داگیرکەری ئیسکەندەرا، زەق راوەستا و ئەم سەر **زەوی یەی لەچنگ داگیرکەر ئازادکرد**، جا هەرلە بەر ئەمە هەندێ لە توێژێنە ران لە واژەی ئازربایجان، ئازربایجانیان **بەوەرگیراو**، بە ناوی ئەو داناوە وئەم ئوستانەیشیان بە ئازربایجان ناو بردوە. سەیید ئەحمەد کیسرەوی نوسیویەتی: کاتێ ئیسکەندەر بە **وڵاتی ماد و مادان** (ئێرانی کۆن) هێرشی بردوە، لە ماد ـ ی گچکە، یەکێ لەخەڵکی ئەوێ بەناوی **(ئاترۆپات)** راپە ریوەو لەو کاتەوە، ئەو **(ماد)ی گچکەیان بە ئاترۆپات** ناوبردوە وکەم کەم کراوەتە، ئاترۆپاتگان و عەرەبیش کردویەتە ئازربایجان و **بنە ماڵەی ئاترۆپات** تا رۆژگاری سلوکیان و ئەشکانیان، هەربەردەوامبون.

لە بورهانیقا تیع و کتێبی تر، قسەگەلێ ترلە واتای ئەودا پەیدا دەبێ کە هەمویان **ئاوێستایی و ئێرانین**. ئیسترابۆن جوغرافیازانی یونانی لە کتێبی خۆیدا نوسیویەتی: کاتێ هێزی پاشایی هەخامەنشینان کەنەفت کەوت، ئیسکەندەری مەقدونی دەسی گرت بەسەر وڵاتی مادان و هەخامەنشیناندا لەو سەر و بەندەدا، **سەرداری بە ناوی «ئاترۆپات» لە (ماد)ی گچکە** بەدژی هێرش کە روداگیر کەر راپەڕیو ماد ـ ی گچکەی ئازاد کردو ژیانێ پڕوتەژی لەخێرو خۆشی و ئازادی و سەبەستی بۆ خەڵکی ماد ـ ی گچکە، کەئێستا بە ئازربایجان ناودەبرێ دابین، کرد، جاخەڵکە کە بەشوکرانەی ئازایی و دڵسۆزی ئاتروپات، سەرتاسەری ماد ـ ی گچکەیان بەناوی ئەو سەرداره ناو، ناوەو کردویانەتە: ئاترۆپاتان، کە ئەلف و نونە کە بۆنیسبەتە، کە عەرەبهاتووە، ئاترۆپاتانیان کردۆتە ئازربایجان و لەپاشان بەئاترۆپاتکان یا ئاترۆپاتگان، خوێندراوە تەوە، خەڵکی ماد-ی گچکە (ئاترۆپات) یانکردە پاشای خۆیان و خۆیان کردە سەربەخۆ وگوێیان بۆ

Dr.Saleh Ebrahimi



هه‌رشه‌وگوڕه شه‌ی ئیسکه‌نده‌ریان شل نه‌ده‌کردو جاربه جاریش له‌گه‌ڵ پاشایانی ئه‌رمه‌نستان و ئه‌شکانیان و سوریا: (سوریه) خزمایه‌تی وژن وژن خوازیان ده‌کرد. پروفیسور «مارکوارت» رۆژهه‌ڵات ناسی ئه‌لمانی له‌ساڵی ۱۹۲۶ی زایینی رێکه‌وتی ۱۳۰۴ی هه‌تاوی **له‌**کونفه‌رانسێکداکه‌له‌به‌بەت تاریخ وره‌گه‌زی ئازربایجانیان، قسه‌ی کردوه‌،رای‌گه یاندوه که واژه‌ی ئازربایجان له ناوی **ئاترۆپات** ساترا بی ئه‌وسه‌رده‌مه‌ی وڵات‌و له رۆژگاری ئیسکه‌نده‌ر، گیراوه، **ئاترۆپات وجێ نشینانی ئه‌و** نه‌ته‌نیا له‌رۆژگاری ئیسکه‌نده‌ردا، سه‌ربه خۆیی خۆیان سازدابو، به‌ڵکو دوای ئه‌ویش به‌سه‌ر به‌خۆیی حوکومه‌تیان کردوه، به‌ڵام **سه‌ره‌نجام ئه‌وزنجیره‌ی پاشایانی ماد -ی گچکه** به‌ده‌س ئه‌شکانیان تیاچون.

نوسه‌ری **تاریخی ماد، یاکۆشوف** لێکۆڵه‌ری روس له کتێبی خویدا ئاوه‌های نوسیوه، به‌شێ فره‌ی **سه‌ر زه‌وی ماد**له هه‌رێمێکدا بوو که له دواییدا کرایه، **ئاترۆپات** و ئه‌وسا کرایه ئازربایجان و له باشوری چه‌می ئه‌ره‌س دابو. له‌وه ده‌چێ **حوکومه‌تی ماد** رۆژگارێ له‌سه‌ر زه‌وی باکور، مه‌ڵبه‌ندی، ئارانیشدا خاوه‌ن و زه‌و ده‌سه‌ڵات بوون، واژه‌ی **ئازربایجان له راستیدا له ئاترۆپات سازدراوه،** بێ‌گومان خه‌ڵکی ئازربایجان که‌له **بنه‌چه‌که‌ی ماد -ن** به درێژای مێژو، نه‌خشێ‌گرینگیان هه‌بووه.

هه‌ندێ لایان وایه که دوای مردنی ئیسکه‌نده‌ر ئاترۆپات بووه ته‌حاکمی ماد-ی گچکه وئه‌و سه‌ر زه‌وی‌یه، به ناوی ئه‌و، ناو داربوو یاقوتی حه‌مه‌وی ده‌ڵێ: **ئاترۆله** په‌هله‌ویدا به واتای **ئاگره** و پات به‌واتای پارێزه روخازنه، به‌گشتی یانی خانوی ئاگرو هه‌بونی ئه‌و هه‌مووه ئاگردانانه له‌وێ کردوّته به‌ڵگه بۆبیرو راکه‌ی خۆی. خاوه‌نی تاریخی گوزیده ده‌ڵێ: مرۆیێ به‌ناوی ئازه‌رباد له رۆژگاری شاپوری زولئه کتاف له‌ماد -ی گچکه، **لافی** پێغه‌مبه‌ری، لێدا و خه‌ڵکی باوه‌ریان پێ‌کرد. مێژوزانانی ئه‌رمه‌نی، له‌نوسراوه کانی خۆیاندا. ئازربایجانیان به‌ئازه‌ربایغان، ئازه‌رباقان و

Dr.Saleh Ebrahimi



**ئاترۆپاتکان**، نوسیوە و عەرەبیش **بەئازەربیجان و ئاترۆپاتکان** نوسیویانە. حەکیم فیردەوسی لە شانامە دالە و بابەتەوە فەرمویەتی: [یک ماە در آذر آبادگان - ببودند شاهان و آزادگان - همی تاز تاآذر آبادگان - بە جای بزرگان آزادگان] تویژینە وە، نیشان دەدا کە **ئاترۆپات** بە شیوەهای جۆر بە جۆر گۆڕدراوە.

هەندێ لایان وایە ناوی شارومەڵبەندێکە، هەندێ ترلایان وایە ناوی یەکێ. لە کوڕانی حەزرەتی نوح پێغەمبەرە. هەندتر دەڵێن: بەواتای جێگەی گڕە گڕی بایە. لە ئاوێستادا (Atere pate) بە واتای **پارێز ەری ئاگرە**. لە پەهلەویدا بەم شکڵەیە (Aturpat) ئەم زاراوە: **ئاترۆپات یا ئاتۆرپات ناوی سەردارێکی ماد -ی گچکە** یەو ئێرانی، حاکم «ساتراب، شاربان» بووەلەڕۆژگاری ئیسکەندە را.پێویستە بە (دزمار یا دژمار) ئیشارە بکرێ کەلە ئاسەواری ئەو زمانەیە و لەوەش دەچێ بیروڕای ئیسترابۆن راستبێ، چونکا ئاشکرایە؛ کەدوای تێشکانی ئاشوریان بە دەس **(ماد، ماننا، سکا و کاردوسین)** کە بەدژی ئاشۆریان یەکیان گرتبوو، **ماد -ەکان بەسەر باقی یەکگر تواندا، زاڵ بوون** وئیمپەرا توری گەورەی (ماد)یان بۆیە کەمجارلە مادان و کوردستان و ئێرانی کۆندا بەسەرداری (دیاکۆ-ی ماد) بە دیهێناو نیشتمانی گەورەی (مادان)ی پێک هێنا.

لەسەرە تاوە حوکومەتی مادلە ئوستانی باشوری چەمی ئاراز (ئەرەس) کە ئازربایجانی ئیستایە، دامە زراوەو بە ماد -ی گچکە ناسراوە و لە پاشان گشت ولاتی ئێرانی کۆنی تەنیوە تەوە و دیاکو -ی ماد و بنەماڵەی ماد یەک لە دوای یەک، بونەتە، حاکمی مادان و گشت ولاتی کەو نارای ئێران و لە ڕۆژگاری ئیسکەندەر -ی داگیرکەردا، **ئاترۆپات بە دژی داگیرکەر، راپە ریوەو لە** ماد-ی گچکەدا حوکومەتی سەربەخۆی سازداوەو گوێ بەهەڕەشە و گوڕەشەی داگیرکەران نەداوە. ڕۆژنامەی هاوشاری ١٣٧٩ی هەتاوی بە قەڵەمی میخوش نوری - (شەپۆل). ئازربایجان لە کەو ناراوە جێگای بەیەک گەیشتن و بەرخوردی تەمەدون وژیار وشارستانیەت و ئەقیدەو

Dr.Saleh Ebrahimi



ئاداب و روسوم و پەیدا بونی شوینەواری کۆنی مێژویی بووە، ئاسەواری کۆنی وەک ئەرسباران (قەراداغ نێزیک بە ۱۲ هەزار ساڵ و تەوریزیش نێزیک بە چوارهەزار ساڵ ناوی هەیە، ئازربایجان لاندکی ژیارو تەمەدونی کەو نارایەو یەکێ لەو هەرێمە پڕگرینگەیە کەبەرەی مرۆڤی ئوگرداری خۆی کردوە، چ لە باری ئابوری یا خۆرسکی و سروشتی، بەجۆرێ کەیەکەم چاپخانە و یەکەمین فێرگە، یەکەم تەئاتر بە شێوەی ئامرۆیی و فرە ئەمرۆیی‌تر، لەم هەرێمە بیچمی گرتووە و هێمان ئەوگرینگەی دێرینی خۆی لە دەس نەداوە، سەرنج راکیشە ئازربایجان ئاو و هەوای جۆراوجۆروخۆش و دلگیر و دڵ لاوێنی‌هەیە. مورەتەب بونی چوارکەژ ـی ساڵ، دەشتی رەنگین کێووچیای سەرنج راکێشی وەک (ئەرسباران، سەبەلان و سەهەند، دەریاچەی ورمێ، هەیە. ئازربایجان خێوی شارستانیەتێ درەخشان و کۆنەی هەیە چلە دەورەی ئۆرارتۆوەکان، کەلە رەگەزی مادو ماناو کوردن (کە زیاتر لە چوار هەزار ساڵ بەرلەمرۆ) و چلەدەورەی ماد و دامەزراندنی یەکەمین و پەرەدارترین ئێمیە راتوری **ماد و هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی،** نوکتە دەڵێن کاتێ ئەردەشێری بابەکان، کوردو مادو ساسانی، ئالای ئازادی ئێرانی هەڵدا کە ئالاکەی بە دەس فەرماندەیەکەوە بوو **بەناوی ژەنگە شاوەران** و لە نێوەراستی ئەو ئالایە داوێنەی باڵندەی (هومای). رەنگابوو کە ئەمرو لە نێو ئالای تایبەتی حیزبی دێموکراتی باشوری کوردستان **پارتی خۆنیشان دەدا.** کە **ژەنگەلە** کوردی ئەمرودا بۆتە **شەنگە،** ئەحمەدە شەنگە، شەنگە بێری، دەڵێن ئەردەوان ئەشکانی تانەو تەشەری بۆئە ردەشیری بابەکان هاویشت وپێی وت: **ئەی کوڕی کوردی** لە نێو جیغ و **چادری کوردان پەروەردەکراو،** چلۆنە، دەتەوێ تاجی شاهی لە سەربنێ ئەردەشیریش لەوە لامدا دەڵێ **توی ئەشکانی بۆیە پیاوی بێگانەی داگیرکەری ئیسکەندەری مەقدومی و ولات دیلە و وێرانە، دەمەوێ داگیرکەر، وەدە رنێم و تۆی نوکەری داگیرکەر تەمێ بکەم و ولات ئاوەدان بکەمەوە.** نوکتە: ئەرد ئەرز، عەرد، زەوی و

Dr.Saleh Ebrahimi



سەر زەوی و موقەدەس، شێر، یانی شێری پارێزەری سەرزەوی موقەدەس، دیارە: ئەرد لە ئەردەڵان دا هەرئەو مانەیانە، دەدا ولان بە واتای جێ و مانای ئەرد بەرفراوان دە کا. یانی سەرزەوی فرەخاکی هەروەک: خیزە لاّن: فرەخیزدار، لەزمانی کوردیدا هەروەک پاشگر ـی پاراستن و حیفزکردنی وان لەباغەوان، ئەردەوان، دەشتەوان. پاسەوان، نیشانەی سنورەوانی یەکە لەراستیدا بنەماڵە ـی حاکمانی ئەردە لاّن سنورە وانی ئێران بوون، بۆوێنە: کۆمە، لە زمانی کوردیدا کەمینی شکارچی‌یە، کۆمەلاّن یانی کەمینگەی شکارچی، راوچی، دیارە واتای راوچیشی لە نێو خۆیدا راگرتووە (شە پۆل).

یا لە دەورەی دوای هاتنی ئیسلام، ئازربایجان یەکێ لە گەنجینەکانی تەمەدونی کۆن و کەو نارای ئێرانە، دین‌گەلێ وەک ئاینی زەردەشتی، مەسیحی، ئیسلام کە یادگاری پڕنرخیان بوئێمە بەجێ هێشتووە. قەلاّگەلی مێژویی، دەورەی ئۆرار تۆوەکان، بەسەدان قەلاّی وەک قەلاّی (بابەک کلیبر) بابەکی خورەم دین، ئاوارسین، جۆشۆن، قەهقەهە: (قاقا) پشنۆ، پەیغام، هلاکۆ، زوحاک یا ئاژیدەهاک، داش‌قەلا، قەلاّکیژ، ئاخچەقەلاّو **شوێنە واری بەسەدان ئاگردان،** تەپۆڵەی خۆڵە مێشین و کلیسای وەک: (شێنت ئیستپانوس، کلیسای مریەم-ی پاک، ئانیالو، جوان ورازاوەترین مزگەوت، هەروەک مزگەوتی کەبود: کەوە: پیرۆزە)ی تەورێز، ئەرگی عەلیشا، مزگەوتێ مەرەند، تەسوج، ئوسکۆ، مەراغە، شە پستەر، سەراویا سەراب، ئەهەر (: زمانە چۆلە کە) کە بە عەرەبی بۆتە (اَهَرْ)، میانە، گلکۆ گەلێ هەروەک گلکۆ ـی شیخ مەحمود شەبستەری و مەقپەرەتو شوعەرای تەورێز، مەدفەنی شاعێرانێ وەک خاقانی کوردی زەنگنەی شیروان، ئەسەدی توس و **هومام تەوزێری** کە بەداخەوە **شیعرەکوردی** یەکانی‌لە دیوانە فارسی‌یەکەیدا لە چاپ نە دراوە، بۆوێنە ئەم شیعرە لە هومام تەورێزی کە لەسەدەی ۷ و ۸ مانگی ژیاوەو بەزمانی پەهلەوی ئازەری و کوردەواری شیعری بە چاپ لێکراوەیی لێ بەجێماوە، هۆنە:

وەهار، وول و دیم یار خۆش بێ    ئەوی یاران مەولبی، مەوەهاران

وول: گول، دیم: لەدیمە شۆرەدا ماوەتە، دیم: دەم چاو، رومەت، بڕوانە، ناوەندی موتالە عات و تەحقیقاتی میللی وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان، ئێران لە بابەت ئازربایجانەوە، بێ تاریخ کەئەو **جزوە لەرەدی شۆرەوی پێشودا نوسراوە کە ئازربایجان** ئێران لە هی شۆرەوی جیایە و شۆرەوی ناتوانێ ئازربایجانی ئێران بلکێنێ بە ئازربایجانی شۆرەوی یەوە وکتێبی زانایانی کورد، ج ٢، پەرەی ١١٦ چاپی ١٣٧٩ بە قەڵەمی (شەپۆل) وگۆفاری ویرا ژمارەی ٢ و ١ساڵی یەکەم چاپی ١٣٨١گاهنامەی فەرهەنگی، ئیجتماعی، ئەدەبی پەرەی ٨بە قەڵەمی (شەپۆل).

یا قەتران تەوریزی، زەهیرەدین فاریابی، یا ئاوی (شاگۆلی) تەوزێر یانی گۆلاوی گەورە و پڕئاو یا (گۆلی شا) ـ واژەی شا، لە زمانی کوردیدا بەواتای گەورەیە، وەک: شارەگ، شارێ، شاسوار (شەپۆل) یاگلکۆ و بورجگەلی بە ناوبانگی مەراغە. وەک، بورجی کەبودگومەزسور، گومەزی غەفاریە، بازاری سەرپۆشراوی تەوریز، سەیرانگەی ئال گوڵی. گوندی کەندوان، ئەشتەبین مەدفەنی خواناسی ناودار شێخ ئەبولقاسم نەباتی کورد، لیقوان،گوندی قەراداغ و داوێنەی چیای سەهەند و.(شەپۆل) سەبەلان، یاجەنگەلی پڕدارو درختی ئەرسباران، بڕوانە هاو شاری شەمە ٥ خەرمانانی ١٣٧٩ و ٢٥ جومادای ١٤٢١ و ٢٦ ئوگوستی ٢٠٠٠ی زاینی ساڵی ٨ ژمارەی ٢٢٠٢ بە قەڵەمی محەمەد رەزاعە زیزپور (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# ژن لە هەوراماندا

لە کوردەواریدا هەموو ئەمەدەزانین کە ژنانی کورد، وەکو پیاو، دەستێ بەرزو بالآیان هەبووە. لە چارەسەر کردنی باری ژیان و کەندو کۆسپی کۆمەلآیەتیدا، جگەلەوەش لەنێونە تەوەی کورددا، ژنانێ فرە زۆرلە کارزانو گەورەوبە کاروکاردان و بە نێو بانگ هەلّکە و توون وزۆرژیرانە و مرۆیانە و بە دانستە کاروباری رامیاری، ئابووری، خوێندەواری و فەرهەنگی و کۆمەلآیەتی و ئەرکی سەرشانی خۆیان بەباشی لە کوردستان دا، بە رێوە بردووە.

لەسەر تەختی پولّو دراوێکی زاف کۆندا، نە خشن و وێنەوناوی ئافرەتە کوردێکی بەناوبانگ، لەناوچە کانی هەورامان دابە **ناوی (ئاداد)** دەرکەوتووە و دۆزراوەتەوە، لەونەخشی پولّ و دراوە، جوان ئاشکرابووە ورون کراوەتەوە کە ئەو ژنە فەرمانرەوای هەورامان و ناوچە کانی دەوروبەری بووە، جالە بەرئەوەی خاوەن دەسەلآت بووە، سککەی بەناو خۆی لێداوەووێنەی خۆی لەسەر تەختی ئەوسککە هەلّکەندووە و نەخشاندوویەتی.لەسەر دیوێکی ئەو سککەیە، وێنەی ئەوئافرەتە هەلّکەندراوە و لەسەر دیوە کەی دیکە نێوی **[ئاداد]** بە ئەلفوبێی ئارامی نوسراوە.



لەدیوێکی ئەوسکەیە، وێنەی ئەو ئافرەتە هەلّکەندراوە . لەسەردیوە کەی دیکە نێوی [ئاداد] بە ئەلفوبێی ئارامی نوسراوە

Dr.Saleh Ebrahimi



واژەی [داد] بە واتای (عادڵە) وزۆربەی پاشاکانی ئەشکانی ناویان بەداد، دوایی هاتووە. [ئەشکان ناوی دێیەکە، لەسەر دەشت] ئەمرۆ، واژەی [داد] لە ناوچەی هەوراماندا بە شێوەی **[داد: تاتە]** واتا **(باوک، باو، باب)** بە کاردێ، لەزمانی ئینگلیسیش دا [داد] بەواتای (باوک) بە کاردێ - ئامرازی (ئا) یش، لەئاوێستادا، مانای (نەفی: نەرێ) دەداو بە واتای (دژ) دێ.

جائەگەر (داد) لەواتای (باوک) دا بە کاربرا (ئاداد) بە واتای دژیانی (باوک) دەبێ. یانێ مانای (دایک) دەدا، ئەوەیش نازناویالەقەبە، ناوی راستەقینەی ئافرەتەکەنییە.

بەو جۆرەناوی فەرمانرەوای ناوچەکانی هەورامان لەسەر دەمی ئەشکانییەکاندا **(ئاداد)** بەواتای (دایک) بە کاربراوەو جێگای سەرنجە ئێستایش لەم سەردەمەی کەئێمەی تێداین، لەناوچەکانی هەوراماندا **[ئەدا، ئادا]** لەبابەت (دایک)ەوەبە کاردێ، وەک (سترابۆن)باسی کردوە دەڵێ دوای گرتنی (نەینەوا) بە دەستی **(هوەخشەتەرە)ی ماد -ی لە ساڵی ٦١٢ی بەرلە زایین** ئافرەتێکی (میدی) بۆتە ئوستانداری ئەوێ.

لەسەردەمی (مەئموون) و هارونە رەشید)ی عەبباسی داخەڵکی هەورامان هێمان موسوڵمان نەبوون (سالاّنە) یان بە حوکومەتی عەبباسیان دەدا.

لەو سەردەمەداخانمێ کورد، حوکوومەتی هەورامانی دە کردو هەمە کارەی ناوچەی هەورامان بووە، بەداخەوە، لە بەرتێک چوونی نووسراوەی سککە دراوەکە، تەنیاساڵی لێدانی (٢٣٠)ی مانگی - خوێندراوەتەوە.

لەساڵی ٤٤٢ی مانگی بەدوا، ناوی (ساتراب)ەکانی هەورامان، تازەمانی پەهلەوی هاتووە، لەو ماوەدا، جاربە جارچەند ئافرەتێ وەک سانلە هەورامانی تەخت و لهۆن ناویان هاتووە.

١ ـ خاتو: هۆریزادسان کە دوای کوژرانی ئەسکەندەرسانی هەورامان لەساڵی ١٢٢٥ی مانگی دەبێتە سان و فەرمانرەوای ناوچەکانی هەورامان و ساڵێ زیاتر بەسەر

Dr.Saleh Ebrahimi



(کەمەرە، ڕەزاو، شامیان) و ناوچەکانی دیکە، سانی و حوکومەت دەکاوئەوسا فەرمانرەوایی و سانی خۆی دەداتە دەس (محەممەدبەگ)ی مێردی خۆیی.

٢ ـ خاتو (مونیرەسانە) زیاتر لەساڵێک فەرمانرەواوسانی ناوچەی لهۆن دەبێ و هەرواله جیاتی (قادربەگی عومەربەگ) یش کە دەمرێ حوکمرانی و سانی دەکا. جاربەجاریش له نێوکتێبداله باتییان (مونیرەسان)، (مەنیجەسان) نووسراوە، کە هەردو، یەکن، هەروەها ئەفراسیاوبەگ، ئافتا و خانی غەففاربەگوئاسیەخانی کچی مەحمودخانی دزڵیو... له ژنانی ناوداری ناوچە کەبون، مێژو، دەڵێ: لەجەنگی (دەربەندی دزڵی دا، هەورامانی دزلی و تەخت ورەزاو) کە فەرهاد میرزا هێرشی کردبووە سەرئەو ناوچانە، **ژنانی کوردی ناوچەکە، لە جەنگدا شان بەشانی پیاوەکانیان** بەدژی فەرهاد میرزا راپەریون وگاشەبە ردیان بە سەر لەشکرەکەی دا، تلار دەکردەوەودە**یانوت: ئەسکەندەری رۆم نەیتوانی هەورامان بگرێ** ئێستاتۆخۆتلێ خۆش کردوین. جیهانگەڕوگەریدەکان لەگەڕانی خۆیاندا بەنێوکوردستاندا نووسیویانە:

ژنی کوردی شان بە شانی پیاوکاردەکا، لە**دڵو ێن پاکیشدا ناودارن**، شەرمی بە درۆ، **گزی وفزی نازانن، ڕاست و پاک و چاک و بە ناموس و بە غیرەتن.**

لایارد layard – دەڵێ: **ئافرەتی کورد**، لەنێو کوردەواریدانە خشورۆڵی هاوتای رۆڵی پیاو دەبینێ. کورد، سەبارەت بە ئافرەت هەڵوێستی تایبەت بەخۆی هەیە، کە **ژن لەنێوکوردان ئازادی بەر چاوی بۆهەیە،** ئەمەلای تورکی عوسمانی، عەرەب و ئەوانی دیکە نابیندرێ.

دیارە کوردیش وەک عەرەب و تورک موسوڵمانە، **ژنی کورد پاک و بەناموس و** ئازایە، ڕێبواریاهەرگە ریدەئوروپاییەک، کەرێی بکەوێتە کوردستان، فرەزو بۆیی رون دەبێتەوە، کەدەتوانرێ بە ئاسانی لەگەڵ هەرئافرەتێکی کورد، قسەبکرێ. بێ ئەوەی پیاوی لەگەڵبێ، **بێ ئەوەی مرۆبتوانێ بلێ لەل.** بەڵام لەگەڵ ژنی عەرەب و تورکی

Dr.Saleh Ebrahimi



عوسمانی، قسەنا کرێ، مەگەربە ناچاری. [پەرەی ۴۹ کتیبێ کورد، گەلێ لە خشتە براوی غەدرلێکراو Dr.Guniher D.egchner ئەلمانی تەرجەمە بە کوردی حەمەکەریم عارف چاپی دووم ۱۹۹۹ ز ـ ەولێر.]

مێژوی هەورامان، د-محەد ئەمین هەورامی بلاوکی بەلَخ تاران چاپی ۱۳۸۰ چاپی یەکەم ۲۰۰۰ز- پەرەی ۹۴۳ تا ۹۴۹ و گۆڤاری ئەنجومەنی زمـان و فـەرهەنگ و هونەری کورد، ژمارەی ۳ تایبەت بە کۆنگرەی هەورامان ناسی، تاران چاپی بـەهاری ۱۳۷۹ی هەتاوی. بەقەلەمی (شەپۆل) باشە بزانـین لە تـاران ئـەو ئـەنجومەنە بـەهۆی دەکەس لە فەرهەنگ و هونەر دۆسـتانی کـورد، زمـانلە ۲۰ /۹/ ۱۳۷۸ی هـەتاوی رەسمەن دامە زراوە و تا ئێستا ۹ژمـارەی گۆڤـار، بـەزمانی کـوردی و فـارسی بلاو، کردۆتەوە، کە یەک لەوژمارانە تـایبەتە **بەکارەساتی هەلەبجەی سوتا و هێـرۆشـیمای کوردستان** چاپی تاران، ژمارەی ۷ بەهاوکاری زانکوێ پزیشکی شەهید بەهشتی، تاران چاپ کراوەوژمارەی ۸ی گۆڤاری ئەنجومەنی ناوبراو، تایبەتە بە دووەمین جێژنی شێعر و هۆنەری کوردی ناوچەی ئیسلاماوای، کرماشان، چاپی رەشەمەی ۱۳۸۱، تاران).

نوکتە: لە کتێبی (اعلام‌النساء) عومەررەزاکە ححالەکەلە ۵جەلدایە، ئـەوەندەناوی پیرۆزی ئافرەتی کورد، دەبینی کە خزمەتیان بەزانین و فەرهەنگ کـردوە، لە حـیساب نایەن، بە تایبەت لەوروژگارە ئەنگوست لە چاوەدا، کە خوێندەواری زۆرکـەم بـووەو کەمترژنان توانیویانە خوێندەواربن، ئەمەخۆی نیشانەکە ئافرەتی کورد، ئازاد و لە کارزان و شیاوە، ئەگەر دەرەتانی بوبرە خسێ خوی باش بە عیلم وزانین دەنوێنێ، دیارەدوای دامەزراندنی (دارالفنون)لە ئێران بەهوی ئەمیر کەبیر خوێـندەواری پـەرەی گـرتووە و ئێستاشو کربو خواخوێندەواری پرزاناولە کارزان، چ کچ، چ کور، پیاوو ئافرەتی کورد، خاوەن قەلەم: (نوسینگ)ی رەنگین و روژنامە وان، نوسەر و وەرگێری باش و بە توانا، لە کوردەواریدا پەیدابوون.

Dr.Saleh Ebrahimi



کچی ئەحمەد بن متویە ئاکۆیی -فاتمە نەوەی مەلیک عادڵ ئەییوبی، قەتومە ک خاتون لە بنەماڵەی ئەییوبی -کوردە جین کچی مانجۆ، عایشە کچی محەممەدبن یەحیا - عەزیزە خاتون کچی قوتبەدین خێوی ماردین - حەلیمە خاتون لەبنە ماڵەی ئەییوبی - زوهرە خاتون لەبنە ماڵەی ئەییوبی - سەفیەخاتون کچی مەلیک عادڵ ئەییوبی - فاتمە خاتون کچی ئەحمەدکوردی، لەبنە ماڵەی سوهرەوەردییە کان. لەوکاتوساتانە دالەنێو عەرەب و موسوڵمانانی تراخوێندەواری ژن یاهەر نەبووە، یا زۆرکەمبوون، ئەمەش خۆی زانین دۆستی کورد، نیشان دەدا، زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە ناوبرانزانا، فەرمودەزان، شەریعەت زان و قورئان زان بوون و زۆریان دەرسیان بە ژنان و تەنانەت دەرسیان لەپشت پەردەوە بە پیاوانیش وتووە - **سەرچاوە:** کتێبی زانایانی کورد، ریازی زانان، قورئان و تەفسیرزانان و فەرموده زانان، چژن و چپیاو، خواناسان، جەڵدی شەشەم کە بە کامپیوتیر حروف چینی کراوە و ئامادەی چاپە -اعلام النساعومەررە زاکە حالەبیروت چاپی پێنجەم ساڵی ۱۹۸۴ی زایینی لە۵جەڵدایە. نەقڵ حەوتەنامەی سیروان ژمارەی ۲۹۰، ساڵی حەوتەم، ۷ی خەرمانانی ۱۳۸۳ هەتاوی بە قەڵەمی (شەپۆل).